دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦٥٧، چوارشەممە، ٣١ی پووشپەڕی ١٣٩٤، ٢٢ی ژووییەی ٢٠١٥، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

## پەیامی پیرۆزبایی بەڕێز مستەفا هیجری بە بۆنەی جێژنی پیرۆزی ڕەمەزانەوە

بە بۆنەی جێژنی ڕەمەزانی پیرۆزەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆم پێشکەش بە هەموو موسوڵمانان بە تایبەت بنەماڵەی شەهیدان، خوشک و برا کوردە موسوڵمانەکانمان لە کوردستانی ئێران و هەموو کادر، پێشمەرگە، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەم.

هیوادارم هەموو لایەك ڕۆژانی جێژن بە خێروخۆشی تێپەڕێنن و گیانی لێبووردەیی، یەکگرتوویی و خۆشەویستی بە سەردان و بەسەرکردنەوەی یەکتر لەو ڕۆژانەدا بەهێزتر بکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی
مستەفا هیجری
٢٥ی پووشپەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی



پەیامی بەڕێز حەسەن شەرەفی ...

٤



وتووێژی تایبەتی «کوردستان» لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری،...

٥



پەیامی بەڕێز محەممەد نەزیف قادری...

٦



پەیامی بەڕێز میرۆ عەلیار...

٧

# میراتی قاسملوو ڕێبازی حیزبی دێموکراتە



پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی، ڕێوڕەسمێکی تایبەت بۆ یادکردنەوە لە دوکتور قاسملو و هاوڕێیانی، بە ئامادەبوونی ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و بنەماڵە و هاوڕێیان و دۆستان و لایەنگرانی حیزب لە بنکەی سەرەکی حیزب بەڕێوەچوو.

سەرەتا ڕێوڕەسمەکە بە پێشکەشکردنی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. دواتر بەڕێز حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی کارەساتی ناجوامێرانەی ڤییەن و شەهیدکرانی دکتور قاسملوو و هاوڕێیانی پەیامێکی پێشکەش بە ئامادەبووانی ڕێوەسمەکە کرد.

بەڕێز شەرەفی، لە پەیامەکەیدا باسی لە کەسایەتی و هەوڵەکانی دوکتور قاسملوو لە کۆمەڵگەی جیهانیدا کرد و لەو باوەڕەشدا بوو کە زانایی و کاریزمابوونی کاک دوکتور وای لێکردبوو کە وڵاتانی داگیرکەر لێی بترسن.

کاک حەسەن شەرەفی لەو پێوەندییەدا وتی، دوکتور قاسملوو کاتێک لە وڵاتی چێک بوو حکوومەتی ئەو کاتی ئەو وڵاتە بەهۆی بوونی بیری ئازادیخوازی دوکتور و هەوڵەکانی بەدژی داگیرکەران فشارییان بۆ هێناو لەو وڵاتە دەریان کرد.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە قسەکانیدا باسی لە حەرەکەتی ئەم دواییانەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ناوچە سنوورییەکان کرد و ئەو کارەی بە بایەخەوە هەڵسەنگاند.

دواتر، کۆڕی موزیکی حیزب سروودێکی شۆڕشگێڕییان پێشکەش بە بەشداربووان کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا لەوحی ڕێزلێنانی کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزبی دێموکرات لەلایەن بەڕێز میرۆ عەلیار ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە پێشکەش بە هونەرمەند شۆڕش ئاهی سەبارەت بە دروست کردن و داتاشینی پەیکەرەی شەهید قاسملوو، کرا.

هەر لەو بڕگەیەدا لەلایەن بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسمەکەوە داوا لەدوو منداڵی شەهید بە ناوەکانی «شلێر ڕەزایی» کچی شەهید هەژار ڕەزایی و «ئەمین کەریمی» کوڕی شەهید قادر کەریمی کرا کە پەردە لەسەر پەیکەرەی د.قاسملوو لابدەن.

بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکە بریتی بوو لە: پێشکەش کردنی پەیامی ڕێکخراوەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دواتریش چەند پارچە شێعر و پەخشانێک لەلایەن موراد ئێکینجی لەکوردستانی باکوور و جەماڵ فەتحی پێشمەرگەی حیزب، پێشکەش بە ئامادەبوان کرا. دەقی تەواوی پەیامەکەی بەڕێز حەسەن شەرەفی لەم ژمارەی کوردستاندا چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

شایانی باسە ئەمساڵ پاش بیست و سێ ساڵ بۆ جارێکی دیکە ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی ڕێبەری هەمیشە نەمری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان، دوکتۆر قاسلموو لە شاخ و چیاکانی قەندیلی سەربەرز، لەنێو ئاپۆرای ڕێبوارانی دوکتور قاسملوو و بە ئامادەبوونی کادر و پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزب بەڕێوەچوو کە شکۆیەکی تایبەتی بەخشیبوو بە ڕێوڕەسمەکانی ئەمساڵ.

هەروەها ئەمساڵ لە ناوەندەکانی ١ و ٣ی کوردستانیش ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی شەهید قاسملوو بەڕێوە چووە کە دەقی پەیامە پێشکەشکراوەکان لەو ناوەندانە لەم ژمارەی کوردستاندا چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

## کۆنگرەی ٨ی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەستی بە کارەکانی کرد

ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی، ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرەی ٨ی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەشداریی بەڕێز «مستەفا هیجری» سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەڕێوەچوو و بەفەرمی کونگرەی ٨ی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەژێر دروشمی «ئەمڕۆ خەبات دەکەین بۆ ئەوەی سبەی بەئازاد بژین» دەستی بە کارەکانی کرد.

هەروەها لەکردنەوەی کۆنگرەکەدا ژمارەیەک لەئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات، نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی لاوانی هەرچوار پارچەی کوردستان، ئەندامانی هەڵبژێردراو بۆ کۆنگرە و ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتیش بەشدار بوون.

ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لەگیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان و بەتایبەت شەهیدانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەستی پێکرد.

پاشان پەیامی کردنەوەی کۆنگرە لەلایەن «ئەمین کەریمی» ئەندامی لاوان و کوڕی شەهید قادر کەریمی خوێندرایەوە و دوابەدوای ئەوەش پەیامی کۆمیتەی گشتیی بەڕێوەبەری و دەستەی ئامادەکاریی کۆنگرەی ٨ی یەکیەتیی لاوان ، لەلایەن «ئەژین شێخی» ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی ئەو یەکیەتییەوە خوێندرایەوە.

دواتر پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن بەڕێز کەریم پەرویزی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبەوە پێشکەش کرا.

لەنێوئاخنی ڕێوڕەسمەکەدا چەندین سروود و گۆرانی لەلایەن کۆڕی مووزیکی کومسیۆنی پەروەردەی حیزبی دێموکراتەوە پێشکەش بە ئامادەبووان کرا. هەروەها خاتوو ناهید حوسینی شاعیر و ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، شێعرێکی پێشکەش بە بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکە کرد.

## پەیڤ

**ناهید حسێنی**

تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی و پشتیوانیی ئەم ڕێژیمە دیکتاتۆر و سەرەڕۆیە لە گرووپ و لایەنە تیرۆریستیەکان لە کەس شاراوە نییە. بە سەدان بەڵگە هەن کە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە یەك لەو بەڵگانە تیرۆری ڕێبەرانی هەرگیز نەمرمان کاك دوکتور قاسملوو و کاك دوکتور سەعیدە. هەرچەند پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو بوو بە قوربانیی سات و سەودا ئابوورییەکانی ئەوکاتی نێوان دەوڵەتی ئۆتریش و ئێران، بەڵام بە خۆشییەوە لە دادگای ناسراو بە میکۆنووسدا و لە وڵاتی ئاڵمان دەوڵەتی ئێران و کاربەدەستانی باڵای ئەو ڕێژیمە بە هۆکاری سەرەکیی تیرۆری دوکتور سەعید ناسێندران و بکەرانی کردەوە تیرۆریستییەکەش بە پێی یاساکانی ئەو وڵاتە بە سزای تاوانەکەیان گەیشتن. ئەو هەڵوێستە کاریگەرییەکی زۆری دانا لەسەر ناساندنی ڕواڵەتی دڕندەی کۆماری ئیسلامی و کاربەدەستانی بە کۆمەڵگای جیهانی. وەك چۆن لە تەقینەوەکەی ناوەندی هاوکاریی جوولەکەکان لە بۆینس ئایرێسی ئارژانتین لە ٢٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٣دا، پەنجەی تاوان بۆ لای ڕێکخراوی تیرۆریستیی حیزبوڵڵای لوبنان و دەوڵەتی ئێران ڕاکێشرا و تەنانەت لە ساڵی ٢٠٠٧دا، سەردۆزگەری گشتیی ئارژانتین سزای دەستبەسەربوونی بۆ نۆ کەس دیاری کرد کە ڕەفسەنجانی و ویلایەتی و فەلاحییان و موحسین ڕەزایی لە ڕیزی داواکراوان لە پۆلیسی ئینترپۆلدا بوون لەو پەیوەندییەدا. هەمان ئەو کەسانەی کە لە تیرۆری ڕێبەرانی کوردا ناویان هاتووە. دیارە لەم وتارە کورتەدا ناتوانین لاپەڕە لە سەر یەکە بە یەکەی تاوانە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێران هەڵدەینەوە. بەڵام ئەو ڕاستییەمان وەبیر دێنێتەوە کە ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیك کە لە پێناو ئیدئۆلۆژییەکەیدا لە هیچ کردەوەیەکی دزێو و نایاسایی ناپرینگێتەوە و هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە دروشمی هەناردە کردنی شۆڕشەکەی خۆی هەڵگرتووە، تا چەند دەتوانێ بە یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکان پابەند بێت؟ تا چەند کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەتوانن متمانە بە بەڵێن و واژۆکانی بکەن؟ دیارە ئەوەشمان لەبیرە کە ئێران پێشتریش ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی واژۆ کردووە و دواتر پشت گوێی خستووە. ئێستاش کە لە دەرئەنجامی گەمارۆ قورسەکان و دارمانی ئابووری وڵاتەکەیدا ناچار بووە مل بۆ خواستی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ڕابکێشێت و ڕێکەوتننامە لەگەڵ وڵاتانی ٥+١ واژۆ بکات، کاتێك پارە بلۆکە کراوەکانی بۆی گەڕێندرایەوە و توانی لە داهاتی فرۆشی نەوت گیرفانی بەتاڵی پڕکاتەوە، وەك خودی ڕێبەری وڵات هەر سێ ڕۆژ پاش واژۆی ڕێکەوتننامەکە ڕاشکاوانە ڕایگەیاند، سەری کیسەکە نەك بۆ خەڵکی بێدەرتان و هەژاری ئێران، بەڵکوو بۆ هاوپەیمانە تیرۆریستەکانی لە ناوچەکەدا شل دەکاتەوە کە ئەوەش کاریگەریەکی ڕاستەوخۆ دادەنێ لەسەر ناسەقامگیرتر بوون و پەرەسەندنی هەرچی زیاتری تیرۆریزم لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.





# هەڵوێستی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە ڕێککەوتننامەی ناوکیی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و گرووپی ١+٥



هاونیشتمانیە بەڕێزەکان!

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!

لە ڕەوتی زیاتر لە دوو دەیە هەوڵی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ کارکردن لەسەر پرۆگرامی ناوکی بە مەبەستی دەستپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی کە بە شێوەیەکی نهێنی و بەدوور لە چاوی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی بەڕێوەی دەبرد، پاش ئاشکرا بوونو لەقاودانی ئەو هەوڵەی ڕێژیم کە نیگەرانیی کۆمەڵگای جیهانی و بە تایبەت وڵاتانی ڕۆژئاوایی لێکەوتەوە. هەر بۆیە کۆمەڵگای جیهانی بۆ پێشگرتن لە دەست پێڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ناوکی زنجیرە گەمارۆیەکیان بە کۆ و بە تاك لە ڕێگای دام و دەزگا نێونەتەوەییەکان خستە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران.

ئەو گەمارۆیانە هەرچەند هەر لە سەرەتاوە شوێنی خۆیان لەسەر ئابووری ئێران دانا، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئێران هەر بڕیارێکی لەو پێوەندییەدا بە «کاغەز پارە»و هەر ئاکامێکی ئەو گەمارۆیانەی لە بەرژەوەندی ئابووری ئێران و گەیشتن بە «خودکفایی» ڕادەگەیاند، ئەو ڕەوتە لە باس و خواستی ناوکیی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی ماوەی نزیك بە دوازدە ساڵی خایاند تا سەرئەنجام ئاکامی گەمارۆکان زۆر بەرین و شوێندانەرتر بوون لەسەر ئابوریی و وەزعی ڕێژیم و ناچاری کرد بە جیدی بچێتە پشتی مێزی وتووێژ و بۆ خۆرزگارکردن لە ئاسەواری ڕووخێنەری ئەو گەمارۆیانە لەسەر خۆی، هەنگاو هەڵبگرێ.

ڕەوتی دانیشتن و وتووێژی جیدیتر لەسەر پرسی ناوکیی ئێران نزیك بە ٢٢ مانگی خایاند و سەرەئەنجام ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٣ی پووشپەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٠١٥/٧/١٤ی زایینی دوو لایەنی دانوستانکار ڕێککەوتنو نێوەڕۆکی ڕێککەوتنامەکەیان مۆر کرد کە بە ڕواڵەت هەموو لایەکی پێوەندیدار بەم مەسەلەیە پێی ڕازین. ڕێکەوتنێك کە نە هەموو ئامانجەکانی ڕۆژئاواییەکانی بۆ هەمیشە دابین کردووە و نە بەرزەفڕی و داخوازییەکانی کۆماری ئیسلامی بە پەلە و دەستبەجێ هێناوەتە دی.

نێوەڕۆکی ڕێککەوتنامەکەی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێرانو ١+٥ بۆ ڕۆژئاواییەکان لە ئەگەری پابەندبوونی کۆماری ئیسلامی ئێران بە هەموو بەندەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە، دابینکەری ئەو مەبەستەیە کە ئەگەر نەك بۆ هەمیشە، بەڵکوو بۆ ماوەی چەند ساڵ مەترسی دەست پێڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی ئێران بە چەکی ناوکی بڕەوێنێتەوە. بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران هەڵگری ئەم پەیامەیە کە گەمارۆکان نەك بەمجۆرە کە کۆماری ئیسلامی خوازیاری بوو، بەڵکوو لە مەودای زەمانێکی دیاریکراودا لەسەری لابچن یان لەسەری سووك بکرێن.

لە هەلومەرجی دوای قەبووڵی ئەو ڕێککەوتنامەیەدا و سووك بوون یان لاچوونی گەمارۆکان کۆماری ئیسلامی ئێران نەك خەڵکی ئێران، پشوویەکی تازەی دێتەوە بەر و بە ئازادبوونی داراییە بلوکە کراوەکان و فرۆشی نەوتی زیاترو داهاتی پتر دەستی لە باری ئابوورییەوە ئاوەڵەتر بێ، لەو بارەوە هێندێ کەسو لایەن وای لێکدەدەنەوە کە ئەم وەزعە شوێن لەسەر باشبوونی وەزعی ژیانو گوزەرانی خەڵك دادەنێ، لە حاڵێکدا بە ناسیاوییەك کە لەسەر نێوەڕۆکی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتو کردەوەکانی تا ئێستای لە دەست دایە پێشبینی دەکرێ کە لانی هەرە کەمی ئەم ئابوورییە چاوەڕوان کراوە بۆ لای خەڵكو بە قازانجی ژیانو گوزەرانی خەڵك بێو بەشی هەرە زۆری لە نێوخۆی وڵاتدا بۆ دەزگا سەرکوتکەرەکان، ئەمنییەکان، ئیتلاعاتو دامەزراوەکانی دیکەی سەر بە ڕێژیم و بەتایبەت سوپای پاسدارنی ئینقلابی ئیسلامی ئێران تەرخان بکرێ تا لەسەر مانەوەی ڕێژیمو سەرکوتی ئازادیخوازانو تەنانەت جیابیرانی نێو ڕێژیم شێلگیرترو پێداگرتر بن.

ڕابردوو نیشانی داوە لەو جۆرە حاڵەتانەدا سەرکوتو فشار بۆ سەر خەڵك بەرینترو زیاترو بێبەزەییانەتر دەبێ و لە دەرەوەی وڵاتیش ڕێگا دەدات کۆماری ئیسلامی ئێران بە ڕێژەیەکی بەرچاوتر لە پێشوو یارمەتی هاوپەیمانانی خۆی لە ناوچە وەك بەشارئەسەد، حیزبوڵڵای لوبنان، حوسییەکانی یەمەنو باقی گرووپە تیرۆریستییە وردو درشتەکانی بدا، بەهێزبوون و پشت ئەستووربوونی ئەوانەش بە کۆماری ئیسلامی ئێران بە مانای درێژەکێشانی ئاژاوەو شەڕو ئاوارەیی‌و وێرانی لە ناوچە دەبێ.

بە واتایەکی دیکە دەست ئاوەڵەبوونی کۆماری ئیسلامی لەباری ئابورییەوە وەك ئاکامێکی ئەو ڕێککەوتنامە ئەگەر لە لایەك تا ڕادەیەك نیگەرانیی ڕۆژئاواییەکان لەدەست پێڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ناوکیی دەڕەوێنێتەوە، بەپێچەوانەوە نیگەرانی خەڵکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو وڵاتانی ئەو ناوچەیەو هاوپەیمانەکانی ئەوان لە ڕۆژئاوا لە دەخاڵەتو دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی ئێران نیگەرانتر دەکا، چوونکە بەربڵاوتربوونی ئاڵۆزییەکانی ئێستای ناوچەی لێدەکەوێتەوە. بەتایبەت کە وێدەچێ ئەم ڕێککەوتننامە ناوکیە بە جۆرێك پێوەندی سیاسی و دیپلوماتیکیش بەدوای خۆیدا بێنێ کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە کەڵك وەرگرتن لەو پێوەندیانە زیاترو چالاکتر لە پێشوو سەرکوتی ئازادیخوازانی ئێران بگرێتەبەرو لە ناوچەشدا ئاژاوەگێڕی و دەخاڵەتەکانی خۆی پەرە پێ بداو لە ئاست هەموو ئەوانەدا بە بێدەنگی و بێتەفاوەتی ڕۆژئاواییەکان لە لەقاودانی ئەم سیاسەت و کردەوانەیدا دڵنیا بێ یا کەمتر بۆی گرینگ بێ.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیە کە ڕێککەوتننامەی کۆماری ئیسلامی ئێرانو ١+٥ تەنیا مەسەلەی ناوکیی ڕێژیمی لە خۆگرتووەو مەسەلەی دەخاڵەتو دەست تێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی ناوچەو پێشێلکردنی مافی مرۆڤو مافی نەتەوەکانو مافی ژنانو سەرکوتی بەردەوامو بێسنووری ئازادیخوازانی ئێرانی لە نێوخۆدا نەگرتوەتەوە نییە و باسێکی پێشگیرانەیان لێنەکراوە، دەکرێ بە ڕاشکاوی بڵێین ئەگەر ئەو ڕێککەوتنامەیە تا ڕادەیەك کێشەی کۆماری ئیسلامی ئێرانو ١+٥ ی لە سەر مەسەلەی ناوکیی چارەسەر کردووە، کێشەی خەڵكو نەتەوەکانی ئێرانی‌و ئازادیخوازانی ئەو وڵاتەو تەنانەت کێشەی وڵاتانی ناوچەش لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەر لە جێگای خۆیانو لە داهاتوودا ڕەنگە پەرەگرتوویی زیاتریش بە خۆیانەوە ببینن.

لەو پێوەندییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ٧٠ ساڵ خەباتی بێپسانەوە و بەردەوام بۆ دابینبوونی دێموکراسی‌و دابینبوونی مافی نەتەوایەتی کوردو هێنانەدی عەداڵەتو دادپەروەری و مافی ژن لە ئێراندا کە وەك پێش ئەو ڕێککەوتنامەو تەنانەت پێش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیش بۆ ئەو بەها جیهانی‌و مرۆییانە لە تێکۆشاندا بووە لە داهاتووشدا شێلگیرانە خەباتیان بۆ دەکاو لەسەر ڕێبازی خۆی سوور دەبێ و ڕێگای خەبات تا سەرکەوتنو گەیشتنی بەو بەهایانە بە پشتبەستن بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەپێوێ.

ئەو ڕاستیەش لەبەرچاوە کە ئەگەر بە دوای ئەو ڕێککەوتنەدا تەنانەت ئاڵوگۆڕ لە چالاکی ناوکیی کۆماری ئیسلامی ئێراندا پێك بێ ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتو کردەوەو نێوەڕۆکی ڕێژیمدا پێك نایەو هەر ئەوەش مەترسی ڕێژیم بۆ سەر کۆمەڵگای جیهانی لە جێگای خۆی دێڵێتەوە. بۆیە پێویستە وڵاتانی ڕۆژئاوایی‌و ئامریکا ئەو ڕاستیە لەبەرچاو بگرن و ئەو بەها مرۆڤیانەی وەك دێموکراسی، مافی نەتەوەکان و... نەخەنە ژێر سێبەری ئەم ڕێککەوتننامەیە.

خەباتی کورد لە کوردستانی ئێران خەباتێکی ڕەوایە بۆ مافێکی ئینسانی، نەتەوایەتی و ئازادیخوازنە. خەباتێکە بە ڕابردوویەکی ڕوونو بە داهاتوویەکی گەش، بۆیە ئەو خەباتە تا دابینبوونی دێموکراسی، مافی نەتەوایەتی‌و هاتنەدی عەداڵەتو دادپەروەری هەر بەردەوام دەبێ بێ کارتێکەری بەرژەوەندی هیچ سیاسەتو لایەنێکی دەرەکی. تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو ڕۆڵە خەباتگێڕەکانی کورد لەو خەباتەدا کاریگەری مێژوویی خۆیان نیشان دەدەن.

هیواداریین ئۆگرانی دێموکراسی‌و ئازادیخوازان لە ئێرانو بەتایبەت حیزبو ڕێکخراوەکانی کوردستانی بە واقیع بینی‌و چاوکراوەییەوە بڕواننە ئەم مەسەلەیە و بە بێهیچ دوودڵی‌و ڕاڕاییەك لە ڕەوتی خەبات دژی ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی ئێران جیدیتر هەنگاو بنێنو لە پێناو ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی ئێرانو هێنانەدی ئاواتو ئامانجە ئینسانی‌و نەتەوەییەکانی گەلانی ئێران هەروا شێلگیرو پێداگر بن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٢٦/٤/١٣٩٤ی هەتاوی
١٧/٧/٢٠١٥ی زایینی

# بەڕێوەچوونی چالاکیی تەبلیغی لەچەندین شاری کوردستان بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕەوە




لە بەرەبەریساڵیادی شەهید کرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، ڕێبوارانی ڕێبازی قاسملوو بە بڵاوکردنەوەی تراکت و نوسینی دروشمی تایبەت بەم بۆنە چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد کە بەشێك لەو چالاکیانە بەم شێوەیەن:

**شوێشە:** لە بلواری دوکتور قاسملوو، دەورووبەری شارەداری، دەورووبەری مزگەوتی جامێعە.

**بۆکان:** لە گەڕەکی بیمارستانی کۆن و دەورووبەری ، کۆڵانی ئورژانس، عەلیاوا، مەجبوورئاوا، شارەکی نەساجی، ترمینالی شار، بیمارستانی تازە، کەمەربەندی، مەیدانی فووتباڵ، سێ ڕێیانی سەنگینی و تابلۆی جادەکانی بۆکان ـ سەقز، جادەیمیاندواو و جادەی سەد ، بلواری شەمسی بورهان هەتا گوندی شێخلەر لەجادەی مەهاباد، سێ ڕێیانی کەرێزە، شەقامی حەمامیان، بلواری ساحلی و پردی تازە و پردی کۆن، زانکۆی عیلمی ـ کاربوردی، جادەی کۆسە و سەیرانگای شاخەڕەش، کوڵانەکانی گەڕەکی ئەبووزەر و بەهارستان چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چووە و سی دی تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕ بڵاو کراوەتەوە.

لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێوشار و لە شەقامی پەرەستار ئاڵای کوردستانیان هەڵکردووە و دروشمیان لەسەر دیوارەکان نووسیوە.

هەروەها لە ئاواییەکانی ناچیت، داشبەند، وشتەپە، حوسێن مامە، بەخشی قەرەمووسالی، سەوڵی تەپەی میاندواو، نۆبار، باخچە، کانی تۆمار، عیساکەند و ئەشکەوتی سەهۆڵان.

**سەقز:** لەچەندین شوێنی شاری سەقز وێنەی شەهید دکتور قاسملوو و تراکتی تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕ بڵاو کراوەتەوە و لەسەر دیوارەکانیش دروشمی «قاسملوو لە ڕێبازدا زیندووە، تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی مەحکووم دەکەین، تیرۆری ڕێبەرانمان نامانترسێنێت» نووسراوە.

گەڕەکەکانی شاناز-٣٢ میتری – شافعی – دەورووبەری ترمینالی بۆکان – بەردبڕان – تەپەی گۆڕی جوولەکە - شیوی جوتیاران - تەئمینی ئیجتماعی و قەوخ لەو شوێنانەن کە چالاکیی تێدا ئەنجام دراوە. باس لەوەش کراوە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە لاوانی ئەم شارە بە جلوبەرگی کوردییەوە لە مەیدانی هەڵۆ کۆببوونەوە.

هەروەها لە شارۆچکەی ساحێبیش شەوی ٢٠ی پووشپەڕ چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چووە.

**ورمێ:** نیروگای بەرق، دەورووبەری پۆلیسی هاتوچۆ، شارەکی نەسر و زانکۆی نازلوو، لە ناوچەی باراندووز و دەشتەبێڵ، شارەکی ئیسلام ئاباد، قوتابخانەی ڕاە شوهەدا، کۆڵانی شیرینخانەی سلسبیل و ترانس، سەر شەقامی ئیسلام ئاباد و دەورووبەری مزگەوتی قودس و لە بەشێکی بەرچاو لە کۆڵانەکانی ئەو شارە وێنەی دکتور قاسملوو بڵاو کراوەتەوە.

هەروەها لەئاواییەکانی براسبی، سوسناباد، نوو، ژرژە، ئالیە، لرزنە، دیزەج، زیوە، هاشم ئاوا، گاڕانە، سێ گرکان، ڕەزگە، ڕاژان، جورنە لە ناوچەی مرگەوەڕو پولادیان، گزگن، حەسارکەندی، زورگاوا، دولمە لە ناوچەی براندۆزیش چالاکی کراوە و لە دیزەج و دۆڵی خرابە سنجی، پوست، نازلوو و حەساریش کاری تەبلیغی لێ کراوە.

**کامیاران:** قوتابخانەی دواناوەندی ڕاە دوور و ڕاە دانش، قوتابخانەی دواناوەندی موعەلیم، قوتابخانەی دواناوەندی ڕازی، دواناوەندی کچانەی «فاتمە بنت الزهرا»، هەروەها لە ناو شارە دێی تەروەرێزیش و دەورووبەری و کووچە وکۆڵانەکانی ئەو شارەدێیە.

لەکۆڵانەکانی دەورووبەری سەبت ئەحواڵ، کۆڵانەکانی کامیارانی کۆن، شارەکی بێعسەت فازی١ و٢ ، کۆڵانەکانی جادەی سنە، کۆڵانەکانی بان تەپەش چالاکی ئەنجام دراوە و تراکت تێیاندا بڵاو کراوەتەوە.

**مەهاباد:** فەلەکەی مەحموودکان، پارکی میکایل، ترمینالی گە ورە، بازارچەی ئەسغەری، شەقامی بیمارستان، زەوییەکانی شارەداری، شەقامی زانکۆی پەیام نوور، شەقامی سەداوسیما، مەیدانی حەسەنزادە، قەبرستانی گەورە، تاقەدار، سێڕێیانی هەمزاوا، باغی شایگان، بەری شیلانان. هەروەها لە گوندی قزڵقۆپی و ناوچەی شاروێرانی سەر بەو شارەش تراکت و پۆستیرى ٢٢ی پووشپەڕ بڵاو کراوەتەوە و لەسەر دیوارەکان دروشم نووسراوە.

**شنۆ:** لە گوندی کانی ڕەش، شاروچکەی نەڵۆس و شارۆچکەی چەپەراوێ و دەورووبەری چالاکیی ئەنجام دراوە.

**مەریوان:** جادەی سەرەکیی مەریوان ـ سنە، گوندی نەسڵ، گوندی گۆشخانی، گوندی بێساران، گوندی ڕەزاو، گوندی کەڕاوا، سێڕێیانی سەرەکیی ژاوەرۆی مەریوان، گوندی درێڵەی سەر بە ناوچەی کەڵاتەرزان، ئاوایی مەحمەدیە، ئاوایی سێفی خوارو و کۆڵانەکانی خامیراوای لەو شوێنانەن کە کاری تەبلیغی تێدا ئەنجام دراوە. مەیدان بێسارانی، مەیدانی ئیستادیووم، مەیدانی باوە ڕەشی، پارکی شانۆ، پارکی میللەت، پارکی ئاشتی، گەڕەکی لەیلاخییەکان، دارسێران، چوارباخ.

هەروەها لەڕێگای سنووری مەریوان و ڕێگای زرێبار هەتا مەیدانی بێسارانی و لەشارستانی سەوڵاواش بە سەدان تراکت خراونەتە ناو حەوشەی ماڵەکان.

**سایین قەڵا:** گەڕەکەکانی کوشتارگا، تێرمینال و دەورووبەری، دەرمانگای ١ و ٢، دەورووبەری فەرمانداری و بەخشداری، شەقامی دوکتور قاسملوو و شەقامی سەهەند، پارکی جەوانانی شاری ساینقەڵا، شەقامی عەبدوول عەلیزادە و شەقامی پاسگاش لەو شوێنانە بوون کە تراکتی ٢٢ی پووشپەڕ تێیاندا بڵاو کراوەتەوە.

هەر لەو پێوەندییەدا لەئاواییەکانی قسقۆپی، تومەراغاج، ئاغاجەری، قزڵقەوەر، گەڕاو، سانجوود، کارێز، سەفاخانە، قۆزڵووی هەوشار، مەمەڕ، تورکەوەڕە، حەسار، باخچە مەشە، گۆزەبڵاغ، باخی سەرو و خوارو، عەلیاوا، مەحموودئاوا، خۆڵێنە، چراخە واڵ، بیچاخچی، قانزالی، حاجیاوا، ئەحمەدئاوا، داشکستان و ئاختەپە وێنەی دوکتور قاسملوو و تراکتی حیزبی بڵاو کراوەتەوە.

**ڕەبەت:** شەقامی قاسملوو، پارکی بەهاران، پارکی هەوارەبەرزە، شەقامی لەیلانە، شەقامی سەرچاوێ، مزگەوتی ئیمام شافعی، مزگەوتی فارووقی ئەعزەم، نزیکی بنکەی بەسیج، دەورووبەری پاسگای ئینتزامی، قوتابخانەی «ابن‌سینا» و ساڵۆنی وەرزشی «ابن‌سینا» و ئاواییەکانی لەیلانە و ئاوایی هەنداوێ و ڕێگەی هاتوچۆی ئەو ئاوایانە چالاکی بەڕێوەچووە.

لە شارەدێی «نەڵاس»یش و شوێنەکانی سەر بەو شارەدێیە کە بریتین لە: کەمەربەندی، جادەی وەرگێل، کۆڵانی کەشاوێ، مزگەوتی حەزرەتی عومەر و ڕێگای واوان چالاکی ئەنجام دراوە.

**پیرانشار:** لە مزگەوتی قوبە، مزگەوتی حەزرەتی ئیسماعیل، مزگەوتی هیجرەت، مزگەوتی مەلا دۆنەخۆر، کۆڵانی قەپان، کۆڵانی ئاشیانە، مزگەوت و گەڕەکی قودس، مزگەوتی عەشرەی مۆبەشەرە، هەواشناسی، مزگەوتی پاداش، نوختە یA و نوختە یB (گەڕەکی تازەی شار) شارەکی مەنگوڕان، مزگەوتی ساحیلی و شیناوێ چالاکی تەبلیغی بەڕێوە چووە.



## سەردانی سکرتێری گشتیی حیزب لە بنەماڵەی شەهید و بریندارەکانی ڕووداوی کێلەشین

دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٤ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات لە سەردانێکدا بنەماڵەی شەهید قادر کەریمی و قوربانیانی شەڕی کێلەشینی لە ناوەندی ٣ی کوردستان بەسەر کردەوە.

مستەفا هیجری لەسەردانەکەیدا وێڕای سەرەخۆشی و هەواڵپرسی لە بنەماڵەی شەهید قادر و پێشمەرگە بریندارەکان، ڕایگەیاند، هەتا حیزبی دێموکرات و گەلی کورد مابێ، نابێ هەست بە بێکەسی خۆتان بکەن.

هیجری ئەوەشی خستووەتەڕوو، ڕاستە ڕووداوی لەدەستدانی شەهید قادر و بریندابوونی پێشمەرگەکان بۆ هەمووومان جێگای داخ و کەسەر بوو، بەڵام لەهەمان کاتدا مایەی شانازیین بۆ حیزب و گەلەکەمان.

سکرتێری گشتی حیزب وتوویەتی: ئەو شەهید و بریندارانە سەرفرازییان بۆ خۆیان و حیزبەکەیان تۆمار کرد چونکە ئامادە بوون لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەیی ـ دێموکراتیکیەکانی نیشتمانەکەیاندا لەهیچ چەشنە فیداکارییەك درێخی نەکەن.

## ڕێوڕەسمی ٢٢ی پووشپەڕ لەناوەندی ٣ی کوردستان بەڕێوە چوو

ڕێوڕەسمی ٢٢ی پووشپەڕ دوانیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٣ی پووشپەڕ بە بەشداریی ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێبەری، پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات دەستی پێکرد.

لە سەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب خوێندراوەتەوە و چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لەگیانی پاکی شەهیدانی کوردستان ڕاگیراوە.

دواتر بەڕێز «میرۆ عەلیار» ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەو بۆنەیەوە چەند وتەیەکی پێشکەش کردووە.

لە نێوئاخنی ئەم ڕێوڕەسمەدا چەندین شێعر و سرود و پەخشانی شۆڕشگێڕانە پێشکەش بە ئامادەبوان کرا.

## لە ناوەندی ١ی کوردستان ڕێوڕەسمی ٢٢ی پووشپەڕ بەڕێوە چوو

دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢١ی پووشپەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی، ڕێوڕەسمی ٢٢ی پووشپەڕ بە بەشداری ئەندامانی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات و پێشمەرگە و ئەندامانی ئەو حیزبە و کومیتەی قوشتەپە دەستی پێکرد.

سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەسپێکی ڕێوڕەسمەکە بوو.

پاشان، پەیامێک بە بۆنەی ساڵڕۆژی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، لەلایەن بەڕێز «محەممەد نەزیف قادری» ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتەوە پێشکەش کرا.

لەبڕگەیەکی دیکەی ئەوڕێوڕەسمەدا، پەیامی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی لاوان و ژنان خوێندراویەوە.

نێوئاخنی ئەم ڕێوڕەسمە بە کۆمەڵێك سرود و شێعر و پەخشان و شانۆ ڕازێندرابوویەوە.

## پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە شاخ، یاد و ناوی د. قاسملوویان بەرز نرخاند

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٢ی پووشپەڕ لە ناوەندە مەیدانییەکان لەو شوێنانەی کە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات حوزووریان هەیە لە ڕێوڕەسمێکدا یاد و ناوی دوکتور قاسملوو بەرز ڕاگیرا.

ڕێوڕەسمەکە بە سروودی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی دەستی پێکرد.

پاشان بەڕێز کاوە بەهرامی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوەندە مەیدانییەکان، چەند وتەیەکی بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا سروودێک لەژێر ناوی «وەرن با بچینە سەر گۆڕی شەهیدان» لەلایەن پێشمەرگەکانەوە خوێندراوەتەوە.

ڕێبوار ئەبووبەکری پێشمەرگەی حیزب، لەو ڕێوڕەسمەدا پەخشانێکی پێشکەش کردووە.

## یەکیەتی خوێندکاران سیمینارێکی لەژێر ناوی «قاسملوو کورد ناسێنەرە جیهانییەکە» ساز کرد

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠ی پووشپەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی، سمینارێک بەبۆنەی ٢٦ەمین ساڵڕۆژی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو بۆ «شەریف هەژاری» مامۆستای مێژوو لەزانکۆی سلێمانی، لەشاری کۆیە پێکهات.

ئەو سمینارە بە ڕاگرتنی خولەکێک بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ئازادیی کوردستان دەستی پێکرد و دواتر مامۆستا شەریف هەژاری باسێکی لەبارەی «ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە ناساندنی کورد بە جیهان» پێشکەش کرد.

مامۆستا شەریف هەژاری باسی لەوە کرد، ئەگەر هەموو کوردە ئەکادیمیستەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان کۆبکەینەوە نەیانتوانیوە بە قەدەر دوکتور قاسملوو کورد بە جیهان بناسێنن. کوردناسی بەو مانایە کە لایەنێک یان تاکێک بتوانێ شارستانیەتی کورد بناسێنێت و دکتور قاسملوو کەسێک بوو کە بۆ ناساندنی کورد لەهەر دەرفەتێک کەڵکی وەردەگرت.

شەریف هەژاری ئەوەشی خستەڕوو، گرینگترین بەشی ژیانی قاسملوو ئەوەیە کە لە زانکۆکاندا هەوڵی بە جیهانی کردنی پرسی کوردی داوە و بە وەرگێڕان کردنی دەیان بابەت بۆ سەر زمانەکانی چێکی، ئیسلواکی و ڕووسی و ئینگلیسی و هتد ئەو ئەرکەی بەڕێوە بردووە.

دوابەدوای کۆتایی هاتنی وتەکانی مامۆستا شەریف هەژاری یەکیەتیی خوێندکاران بەپێی نەریتی ساڵانەی خۆی، لەوحی ڕێزلێنانی «قاسملوو»ی پێشکەش بە چەند پێشمەرگەی دێرینی حیزب و ئەو خوێندکارانە کرد کە ئەمساڵ قۆناغی خوێندنی زانکۆیان تەواو کردبوو.

## پژاندنی تێزاب لەشاری بۆکان

بەپێی هەواڵی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، شەوی سێ شەممە لەسەر چوارشەممە کاتژمێر ١١ی شەو، چوار هاووڵاتی بوونە قوربانی پژاندنی تێزاب و بە توندی بریندار بوون.

لەو بارەیەوە هەواڵنیری کوردپا لەشاری بۆکان بەدواداچوونی بۆ ئەو ڕووداوە کردووە و بەم شێوەیە باسی لە ڕووداوی پژاندنی تێزابەکە کرد، «چوار کچ و ژنی کورد کە سەرقاڵی پیاسە و قەدەم لێدان بوون لە سێ ڕێیانی سەنگینی شاری بۆکان لەلایەن سەرنشینانی پرایدێکەوە تێزابیان پێدا کراوە».

یەکێک لەقوربانییەکان ناوی «سوێسنە ئیسماعیل نژاد» خوێندکاری عومران و بەڕێوەبەری کتێبخانەی «مانگ» بووە.

سەرچاوەکە وتیشی: تێزابەکە بەر پشت و شانی سوێسنە کەوتووە و دەستبەجێ لەلایەن هاووڵاتیانەوە گەیندراوەتە ناوەندە تەندروستییەکان.

لەو ڕووداوەدا سێ کەسی دیکەش بوون بە قوربانی کە کەسێکیان هاوسەری شۆڕش فەیز نژاد کوڕی هونەرمەند ڕەشید فەیز نژادە و دوو کچەکەی دیکەش کچی مەحموود مەعرووفین.

دوابەدوای ئەم ڕووداوە چالاکانی مەدەنی ئەم شارە بڕیاریان دا بۆ مەحکوم کردنی ئەم ڕووداوە کۆبوونەوەی نارەزایەتی بەڕێوە بەرن کە لە کۆبوونەوە نارەزایەتییەکەدا ، هێزە ئەمنیەتییەکان هەڵیان کوتایە سەر خۆپیشاندەران و ٧ کەسیان دەستبەسەر کردووە.

«سەعید حەسەن زادە» ناسراو بە(شۆرش) و مامۆستای زانکۆ شوناسی یەکێک لە دەستگیر کراوانە کە لەلایەن هێزە لیباس شەخسییەکانەوە دەستبەسەر کراوە.

## پەیوەست بوونی پۆلێکی دیکەی پێشمەرگە بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی پووشپەڕ ڕێوڕەسمی کۆتایی دەورەی ٢١٥ی سەرەتایی پێشمەرگە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» دەستی پێ کرد.

دواتر بەشدارانی دەورەکە چەندین بڕگەی جواروجۆری وەکوو: «ڕێژە، شەڕی سەرنێزە و ئامادەیی جەستەیی»یان نمایش کرد و لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا «لوقمان ئەحمەدی» ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات چەند وتەیەکی بەو بۆنەوە پێشکەش کرد.

ئەحمەدی لەقسەکانیدا باسی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی ڕێژیمی ئێران و وڵاتانی پێنج کۆ یەک کرد و وتی: ئەو ڕێککەوتنە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر خەباتی ئازادیخوازان و حیزبی دێموکرات نابێ.

لوقمان ئەحمەدی دواتریش ئاماژەی بە بەرەوپێشچوونەکانی دۆزی کورد لە بەشەکانی کوردستان کرد.

دواتر ڕاپۆرتی ئاموزشیی دەورەو پەیامی دەورەی سەرەتایی ٢١٥ی پێشمەرگە خوێندرایەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا ٦ کەس لە بەشدارانی دەورەکە لە بواری باش بوونی نێوەنجی نومرە و دیسیپلینەوە خەڵات کران.

لە نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکەدا چەندین پارچە سروود، گۆرانی و شێعر پێشکەش کران.

## بەردەوامی تەقە و دەستڕێژ کردن لەکۆڵبەرانی کورد

بەپێی هەواڵی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ڕێکەوتی ١٥ی پووشپەڕ کۆڵبەرێکی کورد بەناوی «نەوید» خەڵکی شاری سەردەشت لە دەوروبەری ئاوایی شەڵماشی ئەو شارە دراوەتە بەردەستڕێژی گوللەی هێزە ئینتزامییەکان و بە توندی بریندار کراوە.

بە وتەی شایەتحاڵان و کەسانی ئاگادار لەو ڕووداوە، ئەو کۆڵبەرە کوردە هیچ کەلوپەلێکی نایاسایی و قاچاخی پێ نەبووە.

لەو بارەیەوە کەمپەینی بەرگریی لەزیندانیانی سیاسی و مەدەنیش بڵاوی کردبوویەوە، کە کاتی تەقەکردن لەو کۆڵبەرە کوردە خەڵکی ئاوایی شەڵماش و دەوروبەری بەرەوڕووی هێزە ئینتزامییەکان بوونەتەوە.

کۆڵبەرانی کورد لەسەر سنوورەکانی کوردستان سەرقاڵی کارکردنن و بە کۆڵی خۆیان کەرەسەی بەرقی و جوانکاریی (بە کرێ) لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ خاکی کوردستانی ئێران دەگوازنەوە و لەهەمبەر ئەو کارەشدا پارەیەکی زۆر کەم وەردەگرن.

لە سەرەتای ئەمساڵەوە هەتا ئێستا ١٠ کۆڵبەری کورد بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران کوژراون و ١١ی دیکەش بریندار کراون.

## تەقینەوەی مین گیانی هاووڵاتییەکی کوردی ستاند

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی ناوچەی سەلاسی باوەجانی بە ناوی، «لاوە ڕەشیدی» تەمەن ٢١ ساڵ، کەوتووەتە سەر مینە چێنراوەکانی ڕێژیمی ئێران.

ئەو لاوە کوردە بە هۆی تەقینەوەی مینەکەوە گیانی لەدەست داوە.

بە هۆی تەقینەوەی مین لەناوچە سنوورییەکانی کوردستانی ئێران ساڵانە دەیان هاووڵاتیی کوژراو و بریندار دەبن.

زەوی و زار و خاکی شارە سنوورییەکانی کوردستانی ئێران بە ڕووبەری ٤ میلیۆن و ٢٠٠ هەزار هێکتار بە مین ئالوودەن و زیاترین ڕووداو و قوربانییان لێ دەکەوێتەوە.

ئەمە لە حاڵێکدا کە بەرپرسانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بەردەوام باس لە هەڵگرتنەوە و پاکسازیی مین لە ئێران و بەتایبەت کوردستان دەکەن، بەڵام شایەتی دووپاتبوونەوەی ڕووداوەکانین.

ماوەیەك لەمەوبەر ناوەندە پێوەندیدارەکانی ڕێژیمی ئێران تەنیا لە هێندێ ناوچەی بەرتەسك دەستیان بە هەڵگرتنەوەی مینەکان هەتا قووڵایی ٨ سانتیمیتری کردبوو، کەچی بە باوەڕی کارناسان دەبێ شوێنە بە مین چێنراوەکان هەتا قووڵایی ٣٠ سانتیمیتری لەو کەرەسە جەنگییە خاوێن بکرێنەوە.

ڕێکخراوی یوونیسێف، وڵاتی عێراق و سنوورەکانی ئەو وڵاتەی لەگەڵ ئێرانی وەك «پڕ مین»ترین ناوچەی دونیا ناودێر کردووە و ڕێژەی مینی چێنراوی دژە نەفەر زیاتر لە ٢٠ میلیۆنە کە ١٠٠٠ کیلۆمیتر لە خاکی عێراق مین ڕێژە و ئەوە جێگای مەترسییە و بەشێکی زۆری خاکی عێراق هاوسنووری ناوچە کوردنشینەکانی ئێرانە.

بەپێی ئاماری ماڵپەڕی کوردستان میدیا، لەماوەی سێ مانگی بەهاری ئەمساڵدا ٥ هاووڵاتیی کورد بە هۆی تەقینەوەی مین لەناوچە کوردنشینەکانی ئێران گیانیان لەدەست داوە و ٨ هاووڵاتیی دیکەش بریندار بوون.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکرات لە مەهاباد کۆچی دوایی کرد

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی، «ئیسماعیل ئاغای پیرۆتی» کوڕی حەمەدەمین ئاغای پیرۆتی و برای دوکتور کەریم پیرۆتی بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

ئیسماعیل ئاغا یەکێک لەو کەسانە بوو کە لە شەڕی نەغەدە بە توندی بریندار ببوو و لەو کاتەوە هەتا ئێستا باری تەندروستی تێکچووبوو.

کاک ئیسماعیل کوڕی حەمەدەمین ئاغای پیرۆتی دێبوکری بوو کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لەو کەسانە بووە کە هاوڕێیەتی پێشەوا قازی محەممەدی بۆ سەفەر بۆ ئازەربایجان کردووە و هێز و پێشمەرگەکانیشی ئەرکی پاراستنی پێشەوایان لە ئەستۆ بووە.

هەروەها ئیسماعیل ئاغا برای دوکتور کەریم پیرۆتی هاوڕێ و دۆستی نزیکی دوکتور قاسملوو بوو کە دوایین خانەخوێی دوکتور قاسملوو لە وڵاتی ئوتریشیش بووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری پیرۆتی دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریک و بەشدار دەزانێت.

## باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان لەمەهاباد کوچی دوایی کرد

عەلی سوڵتانی، باوکی «لوقمان سوڵتانی» شەهیدی حیزبی دێموکرات و خەڵکی ئاوایی «سەلیم ساغوڵ»ی سەر بە ناوچەی مەنگوڕایەتی مەهاباد لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا، ماڵاوایی لەژیان کرد.

تەرمی کاك عەلی سوڵتانی لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکە و دۆستان و ئاشنایانی، بە خاك سپێردرا.

عەلی سوڵتانی لە ساڵانی ٤٦ و ٤٧ی هەتاوی بە تۆمەتی ئەندامەتی لە حیزبی دێموکرات و هاوکاری لەگەڵ سولێمان موعینی بۆ ماوەی ٦ مانگ لەلایەن حکوومەتی ئەو کاتی ئێرانەوە زیندانی کرا.

کوڕی کاك عەلی بە ناوی لوقمان سوڵتانی ڕێکەوتی ١٧ی بەفرانباری ١٣٦٨ی هەتاوی هاوڕێ لەگەڵ «کەماڵ تەلاج و عەلی خورەم پەنا «لە «جەواڵە ڕەشان» لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە لە سێدارە دران و پەیوەست بە ڕیزی کاروانی شەهیدانی حیزبی دێموکرات بوون.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشیی خۆی لە بنەماڵەی کاك عەلی و کەس و کاری دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## کۆچی دوایی کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەری کورد لە سەقز

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠ی پووشپەری ١٣٩٤ی هەتاوی، «مەلا شەریف بەخشەندە» کەسایەتیی نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی شاری سەقز لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا ماڵاوایی لە ژیان کرد.

مەلا شەریف لە ناوچەی سەقز بە کەسێکی خۆشناو و جێگەی متمانەی خەڵکی ناسرابوو و خاوەنی ڕێز و حورمەتی تایبەت بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری مەلا شەریف دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریک و بەشدار دەزانێت.

کوردستان



# پەیامی بەڕێز حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ٢٦ـەمین ساڵڕۆژی شەهیدکرانی دوکتور قاسملووی نەمر



هاوڕێیانی خۆشەویست
خوشك و برایانی ئازیز

ئەمڕۆ ٢٢ی پووشپەڕ، ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی، بیست و شەشەمین ساڵڕۆژی شەهیدکرانی ڕێبەری گەورەمان، مامۆستامان، دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو، بەدەست ڕێژیمی جینایتکار و تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، لەو کاتەوە تا ئێستا ئێمە ڕێبوارانی قاسملوو و بەگشتی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد، لەو ڕۆژەدا، بە کۆبوونەوە، پێکهێنانی سمینار، شێوەی جۆراوجۆری دەربڕینی هەست، یادی دوکتور قاسملوو دەکەینەوە، وەفاداری بەرانبەر بە ڕێبازەکەی دەردەبڕین و ڕێز لە خزمەت و بەها مرۆییەکانی و ئەو تێکۆشانە دەگرین کە ئەو لە ماوەی ژیانیدا لە خۆی نیشانی دا. دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی گەورە، سیاسەتمەدارێکی بەئەزموون و بیرمەند بوو، بیروبۆچوونی ئازادیخوازانەی تەنیا لە مێشك و دڵ و لە زەینیدا قەتیس نەبوو، بەڵکوو شێلگیرانە و شۆڕشگێڕانە لە پێناو بەکردەوەکردنی ئەو بیروبۆچوونە پێشکەوتووانەیەدا تێدەکۆشا و لەو پێناوەدا ڕەنجی زۆری برد، ئەو لە پێش لە زەمانی خۆی بوو هەر بۆیە هێندێك لایەن و ئەحزاب و خەڵکی دیکە، ئەو کات تیر و توانجیان تێدەگرت، ڕەخنەیان لێدەگرت و بە لادان لە ڕێبازێکی تایبەتی تاوانباریان دەکرد، بەڵام ئێستا هەموویان لە سەر باوەڕەکەی دوکتور قاسملوون، بۆ نموونە ئەو لە چێکسلۆاکی دەژیا، بەڵام لەوێ نەفی کرا، ڕێگەی مانەوەی پێ نەدرا، بۆ؟ خۆ ئەو لەوێ حیزبی نەبوو، خۆ لەوێ پێشمەرگەی لە پشت نەبوو، کەوابوو لە چی دوکتور قاسملوو دەترسان؟ لە بیروباوەڕی ئەو دەترسان. دژی داگیرکاری، دژی هەر جۆرە دیکتاتۆرییەك لە ژێر هەر ناوێك و ئەوە بۆ داگیرکەر و تەنانەت بۆ داگیرکراوانی لایەنگری داگیرکەر تەحمول نەدەکرا، بۆیە ڕێگەی مانەوە لەو وڵاتەیان پێ نەدا و لە ڕاستیدا ئەوەی لێی دەترسان، ئەو بیروباوەڕە بوو کە دوکتور قاسملوو بڵاوکەرەوەی بوو، لە فەڕانسە لە ژێر فشاردا بوو، ئەو کات لە ژێر فشاری ڕێژیمی شا بۆ سەر حکوومەتی ئەو کاتی فەڕانسەدا بوو، ڕێژیمی شا نەك لە نزیکەوە، لە دووریشەوە لە بیروباوەڕی دوکتور قاسملوو دەترسا. لە فیکری دێموکراسی و لەو بەها مرۆییانەی کە دوکتور قاسملوو هەوڵی بەکردەوە کردنی دەدان. لە عێراق پێشنیاری ئەوەی پێکرا، شتێك بنووسن لە ڕادیو دەنگی کوردستانی ئێران بڵاو بکرێتەوە کە بە جۆرێك شۆڕشی ئەو پارچەیە لە کوردستان و ڕێبەرەکەی مەلا مستەفا بارزانی بەرێتە ژێر پرسیارەوە، قەبووڵی نەکرد، خۆیشی و حیزبەکەیشی، تاوانی ئەوەیان دا، بەڵام ئەو نیشانی دا کە پشکی هەموو جیهانە، موڵکی هەموو دونیا بوو، بیروباوەڕەکەی نەك لە کوردستان، نەك لە ئێران، لە هەر شوێنێك کە هەبوایەت و دەرەتانی گوتن و بڵاوکردنەوەی هەبایەت یان خۆی بیرەخساندبایە ئەو کارەی بە جیددی و شێلگیرانە و شۆڕشگێڕانە دەکرد. لەو ڕەوتەدا ئەگەر دیکتاتۆرەکان، ئەگەر نەیارانی دێموکراسی، مافی نەتەوایەتی کە ئەوانە باوەڕی دوکتور قاسملوو بوون، مافی مرۆڤ، بەرابەری ژن و پیاو کە ئاڵاهەڵگرەکەی دوکتور قاسملوو بوو لە هێندێ شوێن، دژایەتیان دەکرد بەڵام لە بەرانبەردا هەبوون کەسایەتی وا بەتایبەتی لە ئۆروپا کە شانازییان بە دۆستایەتی دوکتور قاسملووەوە دەکرد و دوکتور قاسملوویش لە ڕەوتی بەنێونەتەوەیی کردنی پرسی کورددا نەك هەر بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەڵکوو لە هەموو پارچەکانی کوردستان، پشتیوانی ئەو دۆستانەی لە پشت بوو، هاودەنگی و هاوهەنگاوی ئەو دۆستانەی لە پشت بوو و ئەو دۆستانەیش، کە خۆیان لە ڕێگەی دوکتور قاسملووەوە کوردیان ناسیبوو، کوردستانیان ناسیبوو، لەگەڵ مەسەلەی کورد شارەزا ببوون، دوای دوکتور قاسملوویش لە سەر ئەو دۆستایەتییە وەفادار بوون و خزمەت بە کوردیان بە ئەرکی خۆیان دەزانی. بۆ نموونە ئەوە دۆستەکانی دوکتور قاسملوو بوون کە لە کاتی تەنگانەی کوردستانی باشووردا هەوڵێکیان دا، زەمینەیەکیان پێکهێنا، هەلومەرجێکیان خوڵقاند، کە ئەو هەلومەرجە ببێتە سەرەتای پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی ئێستا، بەڵام جێی داخە، ئەوەی کە بە هەوڵی دۆستەکانی دوکتور قاسملوو لە باشوور بە ئاکام گەیشت، ئێستا کۆماری ئیسلامی وەك دوژمنی کورد، وەك قاتلی دوکتور قاسملوو ئەسپی خۆی تێدا تاو دەدا، ئەمە جێی داخە، جێی داختر ئەوەیە کە هێندێك کەس و لایەن دەیانهەوێ کۆماری ئیسلامیی دوژمنی کورد و قاتلی دوکتور قاسملوو بە دۆستی کورد ناو بەرن، بەڕاستی ئەوە کردەوەیەکی نیشتمانییە؟ ئەوە جێگای داخە، ئەوەی ئەو بۆ هەموو پارچەکانی دەکرد، ئێستا کەم کەس هەیە نەك بە کردەوە تەنانەت بە گوتن، ئەوەی دوکتور قاسملوو بە کردەوە دەیکرد، بیکا.

دوکتور قاسملوو، حیزبی دێموکرات دوو ناو بە یەك ناوەڕۆك، کە لە یەك جیا کردنەوەیان مومکین نییە، چ خزمەتێکی بە حیزبی دێموکرات کرد؟ بۆ ئەوەیکە ئەو بابەتە بە وردی لێك بدەینەوە، ئەگەر بە کورتیش بێ، دەبێ بزانین ئەو کاتەی دوکتور قاسملوو جڵەوی ڕێبەرایەتی ئەو حیزبەی بەدەستەوە گرت، وەزعی ئەو حیزبە چۆن بوو. حیزبێك کە دوای کۆمار، ئەندامەکانی پرش و بڵاو ببوون، لە ئاوارەیی و دەربەدەری یا لە نهێنی و لە هەلومەرجی زۆر دژواردا دەژیان، پێکهاتەی ڕێبەریی و بەدەنەی ئەو حیزبە لە چەند دەستە پێکهاتبوو، لە چەپی تۆخەوە تا ناسیۆنالیزمی بەرچاو تەنگ، کەسایەتی ئایینی، کەسایەتی سێکۆلار و هەر کام لەوانە لە حیزبدا قورسایی خۆی پەیدا کردبا، بەرەو ئەو لای دەکێشا و هەر ئەوەیش بوو بە هۆی ئەوەیکە لە هێندێك بڕگەی کورتی مێژوویدا ئەو حیزبە سەربەخۆیی سیاسیی بچێتە ژێر پرسیارەوە. بەڵام دوکتور قاسملوو لەو پرش و بڵاویە ڕزگاری کرد، فەرهەنگی دێموکراسی لە حیزبی دێموکراتدا جێگیر کرد کە هەر کەس بە هەر بیروباوەڕێکەوە کە بوو بێتی کە دێتە ناو ئەو حیزبە، ئەو ڕەنگە و ئەو بەرگە دەپۆشێ، ئەو فیکرە لە خۆیدا بەهێز دەکا و دەبێتە ڕێبواری ڕێبازی دێموکراسی و مافی نەتەوایەتی، فەرهەنگێك کە وا چەسپاو و جێگیر بووە لە نێو ئەو حیزبیدا کە ئێستا کەم کەس بیر لەوە دەکاتەوە کە لە حیزبی دێموکراتدا کە ئەوە چەپە، ئەوە ئایینییە، ئەوە ئەوەیە، ئەوە ئەوەیە بەڵام ئەو کات ئەوە بوو. تەکڕەوەی چ لە چەپەکەی، چ لە ناسیونالیزمی بەرچاو تەنگەکەی بە شێوەیەکی بەرچاو باو بوو. بەڵام ئەوە دوکتور قاسملوو بوو کە بەری بە تەکڕەوی گرت و ڕێبەریی بەکۆمەڵی باو کرد، کاتێ ئەو دۆخەی جاران نەما سیاسەتی سەربەخۆی حیزب و پاراستنی ئەو سەربەخۆییە گەڕایەوە جێگای خۆی، شتێك کە ئێستا وا چەسپاوە، هیچ یەك لە ئەندامانی ئەو حیزبە بیر لەوە ناکەنەوە بە زەڕڕە لەو ئەسڵە گرینگ و بەنرخە لابدا.

دوکتور قاسملوو هەر وەك لە دونیادا ناسراو بوو بە تایبەتی لە ئۆرووپادا، لە ئێرانیشدا کەسایەتێکی گەورە بوو، تەنانەت ئەو حیزب و لایەنانەی کە بیروباوەڕی دوکتور قاسملوو لەوان لە پێشتر بوو، بە چەندین ساڵ لە باری زەمانەوە لە پێشتر بوو و دژایەتیان دەکرد، ئێعتیراف بە گەورەییەکەی دەکەن و ئەگەر ڕۆژێك قسەیەکیان لە بەرانبەریدا یا لە پێوەندی لەگەڵ بیروباوەڕی ئەودا کردبێ، ئەمڕۆ تەئیدی ڕێبازەکەی ئەو دەکەن، تەئیدی فیکرەکەی ئەو دەکەن و هەنگاو بە هەنگاو و تەنانەت بە پەلەیش بەرەو ئەوە دەڕۆن کە ئەو وەختە دوکتور قاسملوو دەیگوت. هەر لەبەر فیکری دوکتور قاسملوو بوو، وەختێك لە ئێران ئینتخاباتی مەجلیسی خوبرەگان کرا و دوکتور قاسملوو لە پارێزگای ورمێ هەڵبژێردرا، خومەینی کە چوو بۆ کردنەوەی ئەو مەجلیسە، قسەی ئەوە بوو قاسملوو لە کوێیە، قاسملوو پێشتر دەیزانی کە ئەوە پیلانە، نەچوو. کوتیان نەهاتووە کوتی بریا هاتبا. یانی دەمزانی چم دەکرد. کەوابوو پێش ئەوەی شەڕ بە سەر کوردستاندا تەحمیل بێ، پێش ئەوەی هێزی پێشمەرگە ئەو ڕێك و پێکییە و ئەو موقاومەتە لە خۆی نیشان بدا ترسی خومەینی و ڕێژیمەکەی لە بیروباوەڕەکەی دوکتور قاسملوو بوو، هەر وەك ئەوانەی لە شوێنی دیکەش هەر لە بیروباوەڕەکەی دوکتور قاسملوو دەترسان، بەڵام دوکتور قاسملوو پێداگر بوو لەسەر مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەکەی خۆی. پێداگر بوو لەسەر مافی ژنان و مافی مرۆڤ. پێداگر بوو لەسەر هەموو ئەو شتانەی کە وەکوو تایبەتمەندی ئینسانی لە دنیای ئەورۆدا باسیان لێ دەکرێ و سەیریان دەکرێ و لە هەمان کاتدا دژایەتی هەموو ئەوانەی دەکرد کە لە دژی دێموکراسی لە دژی مافی مرۆڤ و ئازادییە ئینسانیەکان بوون. هەر ئەوەش بوو ئەگەر ئەو وەختەی خومەینی قاسملووی لەوێ وەگیر نەکەوت دواتر میراتبەرەکانی پیلانی لەنێوبردنیان بۆ قاسملوو دارشت و بەداخەوە لە ڤییەن لە ژێر پەردەی وتووێژدا زەفەریان پێ برد. شتێك کە دوکتور قاسملوو بە باشترین ڕێگەی دەزانی وەك دیالۆگ بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد و لەو دەرفەتە زۆر ناجوامێرانە کەڵکی خراپیان وەرگرت و دوکتور قاسملوویان شەهید کرد. ئەو ڕێبەرە گەورە، ئەو زانایە، ئەو ئینسانە بلیمەتەیان لە باوەشی کورد و بزووتنەوەکەی دەرهێنا بەڵام ئەو تەکڕەوییە کە گوتم کاتی خۆی هەبوو و ئەو کردبووی بە ڕێبەری جەمعی ڕێگای نەدا کۆماری ئیسلامی بە ئامانجە ئەسڵییەکەی بگا کە بە چۆکداهێنانی حیزبی دێموکرات بوو و ئەو حیزبە ئێستاش لە جێی خۆیەتی و ئەو حیزبە ئێستاش هەنگاوەکانی بەرەو ئەو ڕێبازە و بەرەو ئەو ئامانج و ئەهدافانەیە کە دوکتور قاسملوو دەست نیشانی کردبوو. بەڵام لە ئێراندا خومەینی چی کرد، کۆماری ئیسلامی چی کرد، دەبینین ئێستا لە باری ئابوورییەوە وڵاتێکی شپرزەی ئابووری، بێکاری لەوپەڕی خۆیدا، فەقر و لە ژێر فەقردابوون لەبەرچاوترین حاڵەتی خۆیدا، فەسادی ماڵی دەزگاکانی ئیداری و بەرپرسانی ڕێژیم ڕۆژ نیە بەشێك و گۆشەیەکی بەڕەی لەسەر هەڵنەدرێتەوە. کەس نیە نەزانێ کە سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی نەك سپای پاسدارانێکە کە پاسداری لە ئێران بکا بەڵکوو لەو ڕێژیمە دەکا لەو ئینقلابە دەکا کە ئاکامەکەی ئەو وەزعەیە بەسەر ئێرانی هێنا، لە باری ماڵییەوە، لە باری سیاسییەوە، لە باری دیپلۆماسییەوە، لە باری ئەمنییەتییەوە دەستی بەسەر هەموو گۆشە و لایەنی ژیانی ئینسانەکاندا گرتووە لەباری کۆمەڵایەتییەوە ڕێژەی تەڵاق چۆتە سەرێ، تان و پۆی بنەماڵەکان زۆر زیاتر لە جاران لێك هەڵدەوەشێ، ئێعتیاد، هیچ بنەماڵەیەك نیە یا کەم بنەماڵە هەیە ڕۆڵەیەکی نەکەوتبێتە داوی ئەو مەترسییە مەرگهێنەرەوە، لە باری ئادابەوە لە باری پەروەردەوە لە چوارچێوەی ئیدئۆلۆژی ئەو ڕێژیمەدا کە ئیدئۆلۆژییەکی دواکەوتوو و دژی هەموو تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی ئەو سەردەمەیە منداڵ پەروەردە دەکرێ، لە باری سیاسی و دیپلۆماسییەوە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دەوروبەری، لە وڵاتانی دوور، مەترسی دروستکردن بۆ سەر کۆمەڵگاکان هەموو ئەوانە لە تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕێژیمەن. هەر بۆیەش خۆی وا دەرخستووە کە ئەو ڕێژیمە دوژمنی ڕۆژئاوایە بەگشتی بە ئامریکا و ئورووپاوە، دوژمنی وڵاتانی عەرەبییە، دوژمنی هەرچی سوننەیە هەر بۆیەش وەختێك بە وەهم یا بە واقع بۆ خۆی کردوونی بە دوژمن. لە فکری ئەوە دەبێ بۆ مانەوەی خۆی چەکی ئەتۆمی بەدەست بێنێ. پاش ئەو هەمووە ساڵە نهێنی کاری و ئاشکرابوونە ناچار بوو بچێتە سەر مێزی وتووێژ و ئێستا ئەورۆ ڕەنگە تا چەند سەعاتی دیکە ئاکامی ئەو ماوەیە و ئەو هەمووە دانیشتنانە دەرکەوێ. کۆماری ئیسلامی بە مەیلی خۆی نەچووە پشتی ئەو مێزە بە ناچاری چوو لەبەر ئەو وەزعە شپرزە ئابوورییەی کە لە ئاکامی گەمارۆکان و تەحریمەکاندا بۆی پێك هاتبوو. ئەو مەسەلەیە چارەسەر نەبێ ئەورۆ یا سبەینێ یا لە داهاتوودا وەزعی کۆماری ئیسلامی نەك ئاوا بەڵکوو خراپتر دەبێ و وەزعی گشتی ناوچەکە خراپتر دەبێ لەبەرچی؟ ئێران ئەوەی لەو ڕێکەوتنە وەدەستی دێنێ وانیە ئەو لە هێندێك حەرەکەتی ئاژاوەگێڕانە بگێڕێتەوە بەپێچەوانە ئەو ئیمکاناتەی دەستی دەکەوێ خۆ بۆ خەڵکی ئێرانی سەرف ناکا بۆ دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی لە دژی خەڵکی ئێران سەرفی دەکا بۆ کۆمەك بە ئەو هێز و لایەنانەی وەکوو حیزبوڵڵا و حوسی و بەشار ئەسەد و ئەوانە سەرفی دەکا تەقوییەتی ئەوانە دەکات تەقوییەتی ئەوانە یانی ئاژاوەی زیاتر لە ناوچەدا. ئایا دنیا بیری لەوانە کردۆتەوە کە ئەو ڕێژیمە هەر بە بێ چەکی ئەتۆمی ماهییەتەن لە چەکی ئەتۆمی مەترسیدارترە بۆ دونیا بەڵام

درێژەی لە لا ٧





# وتووێژی تایبەتی «کوردستان» لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە

**بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەبەستی سەفەرێکی دیپلۆماتیک و بەپێی مەئمووریەتێک کە دەفتەری سیاسیی حیزب پێی ڕاسپاردبوو سەردانی چەن وڵاتی ئورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایان کردووە. بۆ زانیاری زیاتر لەم پێوەندییە و هەروەها تاوتوێ کردنی هەندێ پرس و باسی گرینگ کە لە ماوەی چەند مانگی دواییدا لە ناوچەکە و ئێران و کوردستان و حیزبی دێموکرات ڕوویان داوە، ڕۆژنامەی «کوردستان» وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێزیان پێك هێناوە کە دەقی وتووێژەکە لەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستاندا پێشکەش بە خوێنەرانی «کوردستان» دەکرێ.**

**کوردستان: وێڕای ڕێز و سڵاو بۆ بەڕێزتان و بەخێرهاتنەوەتان لەو سەفەرە دیپلۆماتیکەی کە بۆ دەرەوەی وڵات بووتانە. هەروەك لە نزیکەوە ئاگادارن لە چەند مانگی دوواییدا و بە تایبەت دوو حەتووی ڕابردوو کۆمەڵێك ڕووداو و پێشهات هاتوونەتە گۆڕێ کە بە شێوەیەك لە شێوەکان هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە تووشی گۆڕان دەکەن بۆ تاوتوێ کردنی ئەم بابەتە و هەروەها ئەو سەفەرە دیپلۆماتیکەی کە بۆ دەرەوەی کوردستان بووتانە چەن پرسیارێك ئاراستەی بەڕێزتان دەکەین، هیوادارین بە وەڵامەکانتان ڕۆژنامەکەمان دەوڵەمەند بفەرموون.**

**١ـ بەڕێز کاك مستەفا لە ڕۆژانی دواییدا لە سەفەرێکی دیپلۆماتیك لە دەرەوەی وڵات گەڕانەتەوە بۆ کوردستان، وێڕای بەخێرهاتنەوەتان ئەگەر بفەرموون مەبەستان لە سازدانی وەها سەفەرێکی دیپلۆماتیك چ بووە؟**

**مستەفا هێجری:** وەك ئاگادارن وتووێژەکانی نێوان گرووپی ١+٥ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بڕیار بوو لە مانگی ژووەن بە دوای تەوافوقی گشتی بە ئیمزای لایەنەکان بگا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە ئێمە هەر لە سەرەتاوە لەو باوەڕەدا بووین کە ئەو تەوافوقە دێتە دی و ئاسەوارەکانی دوای تەوافوقەکە گرینگی خۆیان هەیە لەسەر وەزعی ناوچە و ئێران، لە لایەکی دیکەوە شەڕ و ئاژاوەکانی ناوچە، دەوری کۆماری ئیسلامی لە هەڵایسان و درێژەکێشانی شەڕ و ئاڵۆزییەکان، دەوری داعش و یارمەتیدانی کۆماری ئیسلامی بەو هێزە و هەندێك خاڵی دیکە، پێویستی ئەم سەفەرە و گۆڕینەوەی بیروڕا لەگەڵ هەندێك دامودەزگاکانی ئەمریکایی و ئاڵمانی هێنایە ئاراوە.

**٢ـ لە سەفەری ئەمساڵتاندا وێڕای چەند وڵاتی ئۆرووپایی سەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکاتان کردووە، ئەوەی کە لەم سەفەرەتاندا بەرچاوە بوو، پێشوازیی گەرمی لایەنە پێوەندیدارەکان بوو لە ئامریکا، بەڕێزتان هۆکاری ئەم پێشوازییە گەرم و گۆڕە لە چیدا دەبینن؟**

**مستەفا هێجری:** تەوافوقی گشتی نێوان گرووپی وڵاتانی ١+٥ لەگەڵ ئێران لە کۆنگرە و دامودەزگاکانی ئەمریکادا مشت و مڕێکی زۆر توندی پێك هێنابوو، بەتایبەت جیاوازی بۆچوون لە نێوان کۆمارییەکان و دێموکراتەکانی کۆنگرە لەسەر ئەم بابەتە ببوو بە تەوەری سەرەکی باس و موناقیشەکانی ئەم دوو لایەنە بە شێوەیەك کە کۆماریخوازەکان زۆر بە جیددی دژی ئیمزاکردنی ئەو تەوافوقنامەیە بوون و دێموکراتەکان زۆرتر لایەنگر، لەم پێوەندییەدا بۆ هەردوو لا گرینگ بوو کە ڕای حیزبی دێموکرات لە زمانی سکرتێری ئەو حیزبەوە ببیسن، بۆیە ئەوەندەی کە کاتم هەبوو، نوێنەرانی هەردووك لا بە وردی گوێیان لە ڕاوبۆچوونەکانم گرت و سرنجەکانی خۆیان دەخستە بەرباس و ڕۆژبەڕۆژ ژمارەی کەسانێك کە خوازیاری بیستنی بیروڕای من دەبوون زۆرتر دەبوو، ئەوە یەك لە هۆیەکانی پێشوازی گەرمی ئەو کەس و لایەنانە بوون.

**٣ـ سەفەری ئێوە هاوکات بوو لەگەڵ گەرمەی وتووێژەکانی گرووپی ٥+١ لەگەڵ هەیئەتی دانووستانکاری ئێرانی لەسەر پرسی ناوکی ئێران. چۆن بوو کە لەگەڵ ئەوەشدا پێشوازی باش لە ئێوە کرا لەو چاو پێکەوتانەدا؟**

**مستەفا هێجری:** لە چاوپێکەوتنەکاندا و لە بۆچوونی لایەنەکاندا بۆم دەرکەوت کە زۆریك لەو لایەنانە بە چاویکی گوماناوی سەیری تەوافوقنامە دەکەن چوونکە لە ئێران بە گومانن و پێیان وانیە کە ئێران لەگەلیان ڕاست دەکا و ئەو خاڵانە لە تەوافووقەکە کە ئێران ئیمزای کردوە بە تەواوی جێبەجێیان دەکا، بە تایبەت کە ئەوان هەموو باش لە بیریانە کە لە ڕابردوودا جارێکی دیکەش ئێران لەو پێوەندییەدا تەوافوقی لەگەڵ کردوون بەڵام دوای ماوەیەك دەرکەوت کە بە پێچەوانەی تەوافووقنامەکە، ئێران بە دوور لە چاوی پشکێنەرانی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی هێندێك چالاکی گوماناوی لە بواری پیتاندنی یۆرانیۆم دەست پێکردووە، کە ئەوە بوو بە هۆی ناکۆکییەکی گەورە لە نێوان ئێران و خۆرئاوا تا گەیشتە بڕیاری گەماروکان بۆ سزادانی ئێران.

لە لایەکی دیکەوە ئەو لایەنانە بە تایبەت نوێنەرانی کۆماریخوازەکانی کونگرەی ئامریکا بە تەوافوقەکانی ناڕازی بوون چوونکە پێیان وابوو بەو تەوافووقنامە کە بە گوێرەی پێویست ڕێگر نابێ کە ئێران لە داهاتوودا و لە کاتێکی گونجاودا، بە تایبەت دوای هەڵگیرانی گەمارۆکان لەسەری، جارێکی دیکە بە پێچەوانەی خاڵەکانی تەوافووقنامەکە دەست بە پیتاندنی یۆرانیۆم بە مەبەستی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی بکا. ئەوە بوو کە بە باشی ئامادەیی خۆیان دەردەبڕی کە لەگەڵ من چاوپێکەوتن پێك بێنن و گوێ لە بۆچوونەکانم بگرن.

**٤ـ ڕوانگەی وڵاتانی بیانی و بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لەهەمبەر پرسی کورد لەچاو چەن ساڵی ڕابردوو کە ئێوە سەردانی ئەو وڵاتەتان کردبوو چ جیاوازییەکی بوو؟**

**مستەفا هجری:** هەرچەند لەمێژ ساڵە ئەمریکایی و ئۆرووپاییەکان کورد دەناسن، بەڵام ئاڵوگۆڕەکانی یەك دوو ساڵی ڕابردوو لە ناوچە، بە تایبەت شەڕی کورد دژ بە داعش وەك شەڕ دژی تیرور، ڕێگا پێدانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ئاوارەکانی شەڕی نێوخۆیی عێراق و سووریە، تۆلێرانسی کوردەکان لە هەمبەر ئایینە جیاوازەکان بە تایبەت مەسیحییەکان کە لە دەست قەڵاچوی هێزە ڕادیکاڵە موسڵمانەکان پەنایان بۆ کوردستان هێناوە و بە حورمەت پەنادراون، و زۆر تایبەتمەندی دیکە بوون بە هۆی ئەوەی کە لە ئێستادا کورد وەکوو نەتەوەیەکی پێشکەوتنخواز کە باوەڕی بە دێموکراسی و مافی مرۆڤ هەیە باشتر لە ڕابردوو بناسرێ و سەرنجی خۆرئاوا زیاتر بەلای خۆیدا ڕا بکێشێ.

**٥ـ وەك سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، تا چەند گەشبین بوون بەم سەفەرە؟**

**مستەفا هجری:** پێش سەفەرەکەم ئەو بۆچوونە هەبوو کە ڕەنگە ئەو وڵاتانە لە بەر ئەوەی لەگەڵ کۆماری ئێسلامی لە وتووێژێکی چڕ دان و زۆر بویان گرینگە کە لەگەڵ ئەم ڕێژیمە لەسەر پرسی پیتاندنی یۆرانیۆم بە تەوافوق بگەن، بەو جۆرەی کە چاوەڕوان دەکرێت ئامادە نەبن پێشوازی لە سکرتێری حیزبی دێموکرات وەك حیزبێکی جیددی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم بکەن، بەڵام ڕاستییەکان جۆرێکی دیکە بوون بە باشی پێشوازیان لە ئامادەبوون و چاوپێکەوتنی من کرد و بە وردی گوێبیستی ڕاو بۆچوونی من بوون، بۆیە پێم وایە سەفەرەکە لە کاتێکی گونجاودا بوو.

**٦ـ لە ناوەندەکانی بڕیارداندا و وڵاتانی ئۆرووپایی تا چەندە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەور و ڕۆڵی هەیە؟**

**مستەفا هێجری:** یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ناوەندەکانی بڕیاردان لە وڵاتانی پێشکەوتوو بە دەموو دەزگایی کردنی ئەو ناوەندانەیە، بەو واتایەی کە پێش لە بڕیاردان لەسەر پرسە گرینگەکان، بێجگە لەوەی کە ژووره فیکرییەکان (Think tank) دوای وردبوونەوە و لێکدانەوەی هەمەلایەنەیەی پرسەکان، گوێ لە کەسایەتی و حیزب و لایەنەکانی دیکەش کە دەیانناسن دەگرن، قازانج و زەرەری بڕیارەکە و ... لێك دەدەنەوە. لەو ڕاستایەدا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەك حیزبێکی ڕاستویژ کە لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دەژی و هەڵگری بیر و بۆچوون و پرنسیبە ناسراوەکانی سەردەمە، قسەو بۆچوونەکانی سەرنجی دەدرێتێ و بە گرینگ وەردەگیرێ.

**٧ـ لە ئەگەری ڕوودانی هەر چەشنە پێشهاتێکی سیاسی و سەربازیدا پێتان وایە وڵاتانی ڕۆژئاوایی ولە سەرووی هەموویانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا پشتیوانی لە نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەن؟**

**مستەفا هیجری:** لام وایە چاوەڕوانی ئەوەی کە وڵاتانی خۆرئاوایی لە هەر چەشنە ڕووداوێکی سیاسی و سەربازیدا پیشتیوانی نەتەوەی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان یان هەر شوێنێکی دیکەش بکەن چاوەڕوانییەکی لەجێی خۆیدا نییە، چوونکە ئەو وڵاتانە لە هەموو ڕووداوەکاندا لە پێشدا لایەنی قازانج و زەرەری خۆیان هەڵدەسەنگینن و بە دوای ئەودا کۆمەڵێك تێبینی و لێکدانەوەی خۆیان هەیە بۆ ئەوەی بڕیار بدەن یارمەتیدەر، دژ و یا بێلایەن بن، بەو پێیە پێویستە بۆ ڕاکێشانی سرنج و یارمەتییەکانی هەندەران بۆ لای خۆمان، هێز و توانا جۆراوجۆرەکانی خۆمان بخەینە گەڕ، سیاسەت و چۆنیەتی خەبات و هەڵسوکەوتمان لە هێڵێکی درووستدا بەرینە پێش و ببینە هێز لە گۆڕەپانی خەبات بە دژی کۆنەپەرەستی، دواکەوتوویی و دیکتاتۆریدا، کاتێك لەو چوارچێوەدا، بووین بە هێزێکی شوێندانەر ئەمریکا و لایەنی دیکەش پشتیوانیمان دەکەن.

**کوردستان: بەڕێز کاك مستەفا، وێڕای دەسخۆشی، جارێکی دیکە بەخێرهاتنەوەتان دەکەین و هیوادارین بەردەوام سەرکەوتوو و تەندروست بن.**

## ڕۆژەڤ

### بۆمبدانانەوە لە تورکیە

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

ماڵپەڕی «ئیکۆنۆمیست» لە ڕاپۆرتێکی شیکاریدا لە ژێر ناوی «بۆمبدانانەوە لە تورکیە، هەڕەشەیەکی خوێناوی لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامییەوە؟» تاوتوێی چەندین ڕەهەندی جیاوازی بۆمبدانانەوەی چەند ڕۆژ لەمەوبەری لە شاری کوردنشینی «سوروس» کردووە. لە لیدی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە «هێرشێکی خۆکوژی کە هەڕەشەیەکە بۆ پەرەگرتنی شەڕی نێوان کوردەکان و داعش لە خودی تورکیەدا». لە سەرەتادا هاتووە: «شەڕە ئاڵۆزەکەی نێوان گرووپە میلیشیا کوردەکان، دەوڵەتی ئیسلامی و تورکیە ڕۆژی دووشەممە چووە نێو فازێکی نوێوە، ئەویش کاتێك هێرشێکی خۆکوژی کە ویدەچێ لە لایەن داعشەوە بووە، بووە هۆی کوشتنی لانیکەم ٣٠ کەس و برینداربوونی پتر لە ١٠٠ کەس لە شاری سوروس لە سنووری تورکیە لەگەڵ سووریەدا.» لە درێژەدا دەڵێ: «ئەگەر ئەم بۆمبدانانەوە کاری داعش بێت، ئەوا یەکەم جار دەبێ کە ئەم گرووپە وێراوەیەتی هێرشێکی بەربڵاو لە نێو خودی تورکیەدا بکات و دەبێتە هۆشداریدانێك کە پشتیوانیی کوردەکانی تورکیە بۆ براکانیان لە سوریە دەکرێ ببێتە هۆی ئەوەی توندوتیژی ئەودیو سنووریش بگرێتەوە».

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە کراوە کە ئامانجی هێرشەکە لە لایەکەوە ئەو پەنابەرە کوردە سوورییانە بووە کە لە ڕۆنانەوەی کوبانیدا بەشدار بوون و لە لایەکی دیکەوە پارتی دێموکراتی خەڵك (هەدەپە) بووە کە پشتیوانی لە کوردەکانی سووریە کردووە و لە دواییین هەڵبژاردنی تورکیەدا، دەنگی زۆرینەی ئەو شارەیشی بەدەست هێناوە.

لە بەشێکی دیکەدا وێڕای ئاماژە بەوەی کە «هەدەپە» لە پەکەکە نزیکە و «یەپەکە» لە سووریە سەر بە «پەکەکە»یە، ئاماژەی بە وتەیەکی سەلاحەدین دەمیرتاشی سەرۆکی «هەدەپە» کراوە کە ئیدیعای کردووە دەوڵەتی ئانکارایش دەستی لەو تەقینەوەدا هەیە.

دواتر ئاماژە بەوە کراوە کە حیزبەکەی ئەردۆغان بە توندی حاشا لە کارکردن لەگەڵ داعش دەکات و لە حەوتووی ڕابردوودا لە تورکیە ژمارەیەکی بەرچاو لەوانەی گومانی ئەندامەتی لە نێو داعشیان لەسەر بووە دەستبەسەر کراون. هەر لەو کاتەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئەردۆغان ئامادە نەبووە ئەمریکا لە خاکی تورکیە بۆ زەبروەشاندن لە داعش لە سووریە کەڵك وەربگرێ ئەویش بە بیانووی پەکەکە. هەروەها ئاماژە بەوەش کراوە کە ئەدۆغان لەو کاتەوە کە بووەتە سەرۆك کۆمار، زۆر باسی پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ کوردەکان ناکات.

لە کۆتاییدا هاتووە: «سیاسەتی ئەردۆغان بۆ دوورخستنەوەی تورکیە لە شەڕی داعش ڕەنگە بەشێکی بۆ دژایەتی ناسیۆنالیزمی کوردی و بەشێکی بۆ ترس لە تیرۆری جیهادی بگەڕێتەوە. هەر کامیان بێت، وێناچێ کەڵکی هەبێ، وەك بۆمبدانانەوە لە سوروس دەریخست. دیپلۆماتێکی ڕۆژئاوایی لەم بارەوە وتی: «ئەگەر تورکیە پێی وابوو ئەمە پارێزراوبوونی لێدەکەوێتەوە، ئەوا دەرکەوت هەڵە دەکات».

سەرچاوە:
Economist.com



# پەیامی بەڕێز محەممەد نەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، ٢٦ـەمین ساڵڕۆژی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو لە ناوەندی ١ی کوردستان




هاوڕێیانی خۆشەویست
خوشکو برا بەڕێزەکان
بەشداربووانی هێژا
زۆر بەخێر بێن

ئەمڕۆ لێرە کۆ بووینەتەوە یادی یەکێك لە ڕێبەرانی ناودار و ناسراوی گەلەکەمان دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سیاسەتڤانی هەڵکەوتوو و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی کاك عەبدوڵڵا قادریئازەرو دوکتور فازل ڕەسوول بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی لە شاری ڤییەن پێتەختی وڵاتی ئوتریش لە پیلانێکی تیرۆریستیدا کەوتنە بەر دەستڕێژی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی ئێران و بەداخەوە شەهید کران.

بە بۆنەی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنەوە کە بوو بە هۆی شەهیدبوونی ئەم ڕێبەرە گەورەیە و هاوڕێیانی لەم کۆڕەدا کۆ بووینەتەوە تا ڕێز لە خەبات و تێکۆشانیان بگرین و یادی خەبات و بەرخودانی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد و بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی ئێران و ڕۆڵی کاریگەری لەم خەباتە پڕ لە شانازییە و ئەزموونە شۆڕشگێڕییەکانی بەرز بنرخێنین، لە لایەکی دیکەوە جارێکی دیکە ڕق و بێزاریی خۆمان بەرانبەر بە تیرۆریزم و داڕێژەرانی ئەم پیلانە تیرۆریستییە و بەڕێوەبەرانی دەرببڕین و مەحکوومی بکەین.

خوشکو برایانی هێژا!

هاوڕێی تێکۆشەر کاك دوکتور قاسملوو لە سەرتای هاوینی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی کۆمەڵێك ئەرکی حیزبی سەفەری ئوروپای کرد لەو سەردانەیدا بۆ ئورووپا لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە کە پێشتر لە ڕێگەی کۆمەڵێك دۆستی حیزبەوە پێشنیاری دانیشتن و دیالۆگی لەسەر چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ باس کرا بوو و جارێکی دیکە داوای دانیشتنیان لەسەر ئەو پرسە کردبوو سەفەری وڵاتی ئوتریشی کرد و لەگەڵ هاوڕێ کاك عەبدوڵڵا قادریئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات و ڕووناکبیری ناسراو و دۆستی حیزب د.فازل ڕەسوولی خەڵکی شاری سلێمانی لە ڤییەن لەگەڵ هەیئەتی بە نێو دانووستانکار لە شاری ڤییەن کۆبوونەوە و پاش تێپەڕبوونی چەند چرکەیەك کەوتنە بەر دەستڕێژی دیپلۆمات تیرۆریستەکانی ڕێژیمی ئێران و شەهیدکران و گیانیان لە پێناو ئامانجەکانی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشکەش کرد و بوونە قوربانی ئاشتی و ئازادی و سەربەستی کوردستان و شەهیدکرانی ئەم پۆلە تێکۆشەرەی ڕێگای ئازادی لە لایەن تیرۆریستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بوو بە هۆی ڕق و بێزاری کۆمەڵی نێونەتەوەیی و تەواوی وڵاتانی دێموکرات و پێشکەوتوو حیزب و لایەنە سیاسی و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان کە دڵیان بۆ ئازادی و دێموکراسی لێ ئەدا ئەم تاوانە تیرۆریستییەیان مەحکووم کرد و سەرەخۆشی و هاودەردییان لە گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەی شەهیدە سەربەزەکان دەربڕی و هەر لەو کاتەیشدا داوایان لە دەوڵەتی ئوتریش کرد، تیرۆریستەکان بگرن و ڕاپێچی دەزگای قەزاییان بکەن.

بەداخەوە حکوومەتی ئەو کاتی ئوتریش کەمترین بایەخی بە ڕای گشتی و ئەو داوا نێودەوڵەتییە نەدا و بە دوور لە هەموو یاساو ڕێسا ئینسانی و نێودەوڵەتییەکان تیرۆریستانیان بە شێوەی فەرمی ناردەوە ئێران و خوێنی قوربانیانی دەستی تیرۆریزمی کردە قوربانیی پێوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی.

بەشداربووانی هێژا !

ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران هەر دوای سەرکەوتنی گەلانی ئێران لە هەوڵی لە داوخستنی ئەم ڕێبەرە هەڵکەوتووە بون، خومەینی دوای ئەوە کە دوکتور قاسملوو لە هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگاندا دەنگی متمانەی خەڵکی کوردستانی وەدەست هێنا و دوای ئەوەیکە ڕێژیم شەڕی بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاند و فتوای جیهادی بۆ سەر ئەم گەلە ئازادیخوازە دا و حیزبی دێموکراتی هەڵوەشاوە و نایاسایی ڕاگەیاند بە ئاشکرا بەداخبوونی خۆی لەوەیکە دوکتور قاسملوو نە چووە تاران و شەهیدی بکەن ڕاگەیاند.

ئەم ڕق و کینەیە بەرامبەر بە دوکتور قاسملووی بلیمەت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە، مێژوویەکی پڕ لە خەبات و تێکۆشانی بوو و لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیدا قاسملوو یەکێك لە کادرە بەوەجەکانی حیزب بوو، لەو سەردەمەدا و بە تایبەت لە سەردەمی بزووتنەوەی نیشتمانی و بە نەتەوەیی کردنی پیشەسازیی نەوت لە ئێران ئەم تێکۆشەرە بەوەجەی حیزب، ئەندامانی حیزبی لە دەوری سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات کۆ کردەوە و ڕێکخەری تەشکیلاتی حیزب لە شارەکانی تاران و تەورێز و کوردستان بوو، بە هۆی ئەم چالاکییە سیاسییەوە چەندجار کەوتە بەر گوشاری دەزگا ئەمنییەکانی ڕێژیمی پاشایەتی و بۆ ماوەیەکیش گیرا. دوای گۆڕانکارییە سیاسییەکانی عێراقیش دوکتور قاسملوو چەندجار لە قۆناغی جۆراوجۆردا سەفەری عێراق و باشووری کوردستانی کردوە و لەگەڵ خەباتگێڕانی ئەم بەشەی کوردستانیش پێوەندی سیاسی گرتووە، دوایی چووەتەوە ئوروپا و وێڕای درێژەدانی بە خوێندن تا بەرزترین ئاستی زانستی، لە خەباتی سیاسیشدا بەردەوام بووە و لەوێ بووە بە یەکێك لە کەسایەتییە سیاسی و دیپلۆماتەکانی کورد بۆ ناساندنی بزووتنەوەی کوردستان بە کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکان بە تایبەت بە ئاشنابوونی بە مەکتەبە فیکری و سیاسییەکان و پێوەندی لەگەڵ ئەحزابی سوسیالیست و کۆمونیست و دێموکراتەکان و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی کورد بوو بە یەکێك لە ڕاوێژکارە بەتواناکانی کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان، دوکتور قاسملوو لەو باوەڕەدا بوو پرسی کورد نێونەتەوەیی بکرێ و سیاسەتی دەستێوەردانی مرۆڤانەی لە نێو ئەو وڵاتانەدا کە ڕێژیمەکانیان نکۆڵی لە پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانیان دەکەن شتێکی ڕەوایە و لە تەواوی هەوڵەکانیدا لەسەر یارمەتی مرۆڤی و سیاسی ئەوان بە بزووتنەوەی کورد جەختی دەکردەوە.

دوکتور قاسملوو خاوەنی بیرکردنەوەیەکی ئیستراتیژیك بوو لە سەر ڕەوایی سیاسی جوڵانەوەی کورد و هەڵکەوتی کوردستان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا لەو باوەڕەدا بوو گەلی کورد فاکتەرێکی شوێندانەرە لە بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی ناوچە و فاکتەری ئاشتی و سەقامگیریە و هاوپەیمانێکی کاریگەرە ئەرگەر چاو لە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بکەین دروستبوونی ئەم ڕوانگەیەی دوکتور قاسملوو دەردەخا.

زمانزانی و ئەزموونی سیاسی ئاستی بەرزی دیپلۆماتی دوکتور قاسملوو گەیاندە ئەو ئاستە بەرزە کە هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر هەموو مرۆڤێکی ئازادیخواز شانازی پێوە بکا و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەو ئەنجامەی گەیاند کە ئەو تاوانەی دەرحەق پێ بکا.

ڕۆڵی قاسملووی نەمر لە ڕێکخستنەوە و یەکخستنەوەی ئەندامانی حیزب دوای ئەو بارودۆخە سیاسییە لە بارە بۆ ئەم ئامانجە لە سەردەمی سەرهەڵدانی شۆڕشی باشووری کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی نەمر دەست پێکردنی وتووێژی بزووتنەوەی کورد لەگەڵ دەوڵەتی ئەو کاتی عێراق لە ساڵی ١٩٧٠ی زایینی دوای دەرکردنی بەیانی مێژوویی ١١ی ئازەر دانپێدانان بە مافەکانی کورد ئەم دەرفەتە بۆ دوکتور قاسملوو هەڵێکی زێڕین بوو جارێکی دیکە لە ئورووپا گەڕایەوە باشووری کوردستان و وەرزێکی نوێی لە خەبات دەستی پێکرد کە تا ئێستاش ئەو ڕێبازە، کە لەسەر بنەمای نەتەوەیی و سیاسییەکانی کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەممەد بەردەوامە داکۆکی لە ئازادی و دێموکراسی و دادپەروەری و دابینبوونی مافە نەتەوییەکانی گەلی کورد لە بنەما بنەڕەتییەکانی ئەم ڕێبازەیە.

مودیریەت، ئەخلاق لە سیاسەت و واقعبینی و ڕێزی بەرانبەر لە سیاسەتدا و بەشداریی ژن لە سیاسەت و خەباتدا و بەرزنرخاندنی ڕۆڵی ژن لەم پرۆسەیە بەشێکی دیکەن لە بۆچوونە بەنرخەکانی ئەم ڕێبەرە گەورەیەی گەلەکەمان، بەگشتی دوکتور قاسملوو، بیرمەندێکی بە توانا، سیاسەتوانێکی هەڵکەوتوو و ڕێبەرێکی بە بڕشت بوو.

بەڕێزان!

یەکێکی دیکە لە شەهیدانی ڤییەن کاك عەبدوڵڵا قادریئازەر بوو ئەو یەکێك لە کادرە بەتواناکانی حیزب بوو لە ماوەی کارو تێکۆشانیدا لە ئەرکی حیزبیدا نمونەی کادرێکی بەتوانا و کارڕاپەڕ بوو و لە بواری پێوەندییەکانیشدا وەك نوێنەرێکی سەرکەوتوو بۆ حیزب جێی شانازی بوو کە لەم پیلانەدا شەهید کرا .

کەسایەتییەکی دیکە کە لەم پیلانە تیرۆریستەدا کەوتە بەر دەستڕێژی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی دوکتور فازل ڕەسول بوو، ئەو یەکێك لەو کەسانە بوو پێوەندێکی چڕوپڕی لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاییەکانی کوردستان و حیزبی دێموکرات بوو، ئەویش لە ڕێگای هەوڵدان بۆ ئاشتی گیانی بەخت کرد.

خوشکو برا بەڕێزەکان!

لە مانگی پووشپەڕدا زۆر کەس لە تێکۆشەرانی کورد لە ئەندامان و کادرو پێشمەرگەکانی حیزب گیانیان بەخت کردووە لەم مانگەدا یەکێك لە یارانی بەوەفای دوکتور قاسملوو و یەکێك لە تێکۆشەرانی ڕێبازی قاسملوو ماڵئاوایی لێ کردین ئەویش کاك سەید سەلام عەزیزی ئەندامی دەفتەری سیاسی بوو، کاك سەید سەلام لە ماوەی خەبات و تێکۆشانی وەك سیمایەکی دێموکرات لە سەنگەری خەبات بۆ ئازادی و دێموکراسی و گەیشتنی کورد بە ئامانجە پیرۆزەکانی خەباتی کرد و تا دوا هەناسەی ژیانی بە ڕێباز دێموکرات وەفادار مایەوە سڵاو لە گیانی پاکی.

بەڕێزان!

ئێستا لە بارودۆخێکدا یادی ٢٢ی پووشپەڕ دەکەینەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە جاران تووشی قەیران بووە، شوێندانەری گەمارو ئابووریەکان لەسەر وڵات و داڕمانی سیستمی ئابووری ئێران لە پێوەندی بێکاری و گرانی و بێ ئاسۆیی، بە تەواوی کۆمەڵانی خەڵکی وەزاڵە هێناوە.

لە لایەکی دیکەوە پێشێلکردنی ماڤی مرۆڤ، زیاتر بونی سیاسەتی زەبروزەنگ و گرتن و ئیعدامی خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر بووە بە تایبەت دوای هاتنە سەرکاری حەسەن ڕووحانی ئەم پێشێلکارییانە زیاتر بووە هەر ئەوەیشە لە لایەن کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤ دۆستەکان ساڵانە مەحکووم دەکرێ.

وێڕای ئەم سیاسەتە دژی ئینسانییەی کۆمەڵانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی گەلانی ئازادیخواز و ماڤخوازی ئێران بە تایبەت گەلی کورد لە بەرانبەر ئەم سیاسەتەدا ملی نەداوە و لە خەبات و بەرخودان بەردەوامە. مانگرتنی مامۆستایان، ناڕەزایەتی قارەمانانەی خەڵکی ئازادیخوازی مەهاباد لە بەرانبەر سووکایەتی کردن بە ڕۆڵەیەکی بە هەڵوێستی شاری مەهاباد کاك ئاکام تەلاج نموونەی ئەم هەستە و هەڵوێستە نەتەوەیی و شۆڕشگێڕیەن.

مەسەلەیەکی دیکە کە ڕای گشتی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە وتووێژەکانی وڵاتانی ١+٥ لەسەر پرسی چەکی ناوکی ئێرانە، ئێمە لەو باوەڕەداین ئەو وەزعە شپرزە ئابوورییەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران تەسلیم بە ڕۆژئاوا و ئەمریکا دەکات و دەرئەنجامیشی تەنیا لە خزمەتی باندە مافیاییەکانی ڕێژیم، ئەگەر بە ڕێژەیەکی کەمیش شوێندانەری لەسەر بازاڕ و ژیانی کۆمەڵانی خەڵك ببێ لەو ئاستەدا نابێ ڕێبەرانی ڕێژیم مۆژدە بە خەڵك ئەدەن و بێگومان سەروەت و سامانی ئەم وڵاتە دوای هەڵگرتنی گەمارۆکانیش لە لایەن ڕێژیمەوە تەرخان دەکرێ بۆ دەستەو تاقمە تیرۆریستیەکان.

ئێمە لەو باوەڕەداین بە ڕێککەوتنی ئێران و وڵاتانی ١+٥ کێشەی ئێران و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کۆتایی پێ نایەت.

پرسی ماڤی مرۆڤ پرسی نەتەوەکانی ئێران و سیاسەتی دەستێوەردانی ڕێژیم لە وڵاتانی ناوچە و یارمەتی کردنی بە تیرۆریزم هێرشی مووشەکیی لەسەر هێندێك لە وڵاتانی ناوچە بە تایبەت ئیسرائیل لە جێی خۆیەتی، بۆیە پێویستە کۆمەڵانی خەڵك هێزە خەباتگێڕەکان زیاتر لە ڕابردووو خەباتی ئازادیخوازانەیان چڕوپڕتر بکەن.

هەر لەسەر خوێندنەوە سیاسییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرەتای بەهاری ئەمساڵ بڕیاری جموجۆڵی سیاسی و تەشکیلاتی و نیزامی داوە بە مەبەستی چالاکی بەرچاوتر و پێوەندی تەشکیلاتی بەرینتر. بەداخەوە لە دەستپێکی ئەم هەوڵەمان تیمێك لە کادرو پێشمەرگەکانمان بێ هیچ هۆیەك لە لایەن گریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە پ.ك.ك هێرشیان کرایە سەر و تووشی شەڕێکی نەخوازراو بووین و پێشمەرگەیەکی قارەمان و تێکۆشەرمان بە ناوی کاك قادر کەریمی لە ناوەندی ٣ی کوردستان شەهید بوو و چەند پێشمەرگەیشمان بریندار بوون. دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەوڵی دۆستان بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕ و دانیشتن لەگەڵ ڕێبەریی پ.ك.ك بە خۆشیەوە پێشی پەرەسەندنی ئەو شەڕە و خوێنڕێژی زیاتری گرت و حیزبی دێموکرات بە سیاسەتی حەکیمانەی ڕەوشەکەی ئاسایی کردەوە هیوادارین لە داهاتوودا شتی لەو چەشنە ڕوو نەداتەوە چۆن سیاسەتی ئێمە دۆستایەتی هاوکاری و هاوخەباتییە لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان.

هاوڕێیانی خۆشەویست!

قسەکردن لەسەر تیرۆری ڤییەن و کەسایەتی ڕێبەری مەزنمان وەك دوکتور قاسملوو و ڕۆڵی سیاسی و شۆڕشگێڕی لە جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کوردستان کاتێکی زۆری دەوێ تەنیا شتێ لەم کۆڕەدا دەتوانم جەختی لەسەر بکەمەوە درێژەدان بە خەباتە لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکان و ئاسوودە کردنی گیانی نەمری .

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی کارەساتی ڤییەن

سەرکەوێ جووڵانەوەی ماڤخوازی گەلی کورد

سپاستان دەکەم

# پەیامی بەڕێز میرۆ عەلیار ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ، ٢٦ەمین ساڵڕۆژی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو لە ناوەندی ٣ی کوردستان




میوانە بەڕێزەکان، هاوڕێیانی تێکۆشەر، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب سڵاوتان لێ بێ و ئەم کاتەتان باش.

لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەخێرهاتنتان دەکەم. سوپاستان دەکەم کە بەپیر بانگەوازی ناوەندی ٣ ی حیزبەوە تەشریفتان هێناوە و لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداریتان کردوە.

لەگەڵ ئەوەی ئەورۆ بە بۆنەیەکی خەمهێنەرەوە هاتوومە خزمەتتان، بەڵام خۆشحاڵم کە ئەو ساڵ ئەو شانازیە بە من برا لێرە لە ناوەندەکەتان لە سەر د. قاسملووی هەمیشە زیندوو قسە بکەم.

ئەورۆ ٢٦ ساڵ بە سەر ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٣ جوولای ١٩٨٩ی زایینی دا تێدەپەڕێ. ڕۆژێک کە ڕێبەری مەزن د. عەبدولرەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی کاک عەبدوڵڵا قادری ئازەر و کاک د.فازل ڕەسووڵ، لە ڤییەن بەدەست دیپلومات تێروریستەکانی کۆماری ئیسلامی تێرور کران.

لێرە کۆبووینەوە کە ڕێز بگرین لە یادی ڕێبەرێکی هەڵکەوتوو، زانا و ئازادیخواز کە هەموو لێهاتوویی و ژیانی پڕبەرهەمی خۆی بۆ خەبات لەپێناو ڕزگاری و سەربەستی نەتەوەکەیدا بەخت کرد و لەو ڕێگا پیرۆزەدا تەنانەت سەری دانا.

کۆبووینەوە کە داستانی ژیان و خەباتی گەورەپیاوێکی نەتەوەکەمان بۆ منداڵان و بەرەی نوێی کورد بگێڕینەوە، با بزانن دوژمن بە کوشتنی قاسملوو، چ غەدرێکی لێ کردوون.

د. قاسملوو بۆ ئێمە ژیا و لەپێناو وەدیهێنانی ئازادی و بەختەوەری ئێمەی کورددا گیانی بەخت کرد. بۆیە هەڵدەگرێ قاسملوو هەتاهەتا لە بیروشعووری مرۆڤی کورددا زیندوو بمێنێتەوە و کوردی بەئەمەگ هەموو ساڵێ لە ٢٢ ی پووشپەڕدا ڕێز لە یاد و تێکۆشانی ئەو ڕێبەرە تاقانەیە بگرێ.

لێرە کۆبووینەوە کە نەهێڵین ئەو جینایەتە سامناکەی ڕێژیمی تێروریستی کۆماری ئیسلامی دژ بە گەلی کورد لەبیر بچێتەوە.

٢٦ ساڵ ماوەیەکی کەم نیە! بەڵام سەرەرای ئەوەش، برینی قاسملوو لە دڵی مرۆڤی کورددا هەر ساڕێژ نەبۆتەوە. ٢٦ ساڵە ڕقی نیشتمانپەروەری کورد دژ بە ڕێژیمی تێروریستی کۆماری ئیسلامی نەنیشتۆتەوە. دوای ٢٦ ساڵانیش سێبەری قاسملوو هەروا بەسەرمانەوەیە و بیر و ڕێبازی قاسملوو بەردەوامە.

برینی د. قاسملوو ئەوەندە گران و بەژانە کە تەنیا بە وەدیهێنانی ئامانجەکانی قاسملوو، ساڕێژ دەبێتەوە، کاتێک کە کیژ و کوڕی کورد پۆل پۆل بچنە سەر گۆڕەکەی و مزگێنی ڕزگاریی و سەربەستی نەتەوەکەمانی بۆ بەرن.

ئامانجی کۆماری ئیسلامی لە تێروری د. قاسملوو، بەچۆکداهێنانی خەباتگێڕانی کورد و سەرکوتکردنی جووڵانەوەی کورد بوو. لە ماوەی ٢٦ ساڵی رابردوودا ڕێژیم بەهەموو ئیمکانات و توانایەوە لەهەوڵ دابووە بسەلمێنێ بە نەمانی قاسملوو، بیری قاسملووش کوێر بۆتەوە و خەباتی نەتەوەی قاسملووش کۆتایی پێهاتووە. خەیاڵی خاو!

ئەو سیاسەتە بەتایبەتی لە چەند ساڵی رابردوو زۆر بەرچاو بووە و حکوومەتی ئێران بەردەوام تێکۆشاوە ئەو

درێژەی لە لا ١٠

درێژەی لا ٤

ئاکامی ئەوە بە کوێ دەگا هەرچی بێ خەباتی ئێمە بەردەوامە خەباتی گەلانی ئێران بەردەوامە. شەرایت هێندێك پەس و پێشی دەبێ بەڵام نایوەستێنێ و ئێمە لەو شەرایتەدا ئەوەی پێوەندی بە خۆمانەوە هەیە لێبڕاوی‌ن لەو خەباتە تا سەرکەوتن تا وەدیهێنانی ئامانجەکانی دوکتور قاسملوو و هەموو شەهیدەکانمان.

ئێمە لە ماوەی خەباتماندا، ڕابردوومان نیشانی دەدا کە هەموو شێوەکانی خەباتمان تاقی کردۆتەوە خەباتمان لە دژوارترین شکڵی خۆیدا بەڕێوە بردووە و قوربانی زۆرمان بۆ داوە، خەباتمان لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆری دیکەشدا بەڕێوە بردووە دەسکەوتمان لێی هەبووە ئاکامی نیسبەتەن باشی لێکەوتۆتەوە بەڵام لە شەرایتی ئێستادا بڕیارێك دراوە حەرەکەتێکی بەدواوە هاتووە ئەو حەرەکەتە وەزعێکی تازەی بۆ ئێمە پێك هێناوە هەلومەرجێکی تازەی بۆ خولقاندووین ئەو هەلومەرجە و ئەو زەمینەیە هەموو هەدەفەکە نیە هەدەف شتێکی دیکەیە و ئەوە زەمینەی ئەو هەدەفەیە. ئێمە ئەو حەرەکەتە کە هەمووتان بیستووتانە لە نێوخۆی وڵات کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان چۆنی سەیر دەکەن گڕووتینێکی تازەیان هاتۆتە بەر بۆ درێژەی خەبات. لە دەرەوە، وڵاتانی دیکە بە سیمایەکی دیکەوە حیزبی دێموکرات سەیر دەکەن لە ئەفکاری عمومیدا، لە خەڵکی کوردی دەرەوەی وڵاتیشدا هەر ئەو گڕووتینە هەیە کە لە نێوخۆی وڵاتدا هەیە لێرە لە نێو کادر و پێشمەرگەدا لە نێو بنەماڵە حیزبییەکاندا چ جەموجولێك، چ عەلاقە و شوور و شەوقێك بۆ بەشداری لەو حەرەکەتە تازەیەدا هەیە.

هەر وەك عەرزم کردن ئێمە ئەو هەدەفەمان تاقیب دەکەین و لەو زەمینەیە بە قازانجی گەیشتین بەو هەدەفە کەڵك وەردەگرین بەڵام بۆ ئەوە پێویستیمان بە چەند شت هەیە ڕەنگە مەجالی ئەوەی نەبێت لێرەدا باسی یەك یەکی ئەو شتانە بکەین کە ئێمە لەو مەرحەلەیدا پێویستمان پێیەتی بەڵام باسی گرنگترینیان دەکەم گرنگترینی ئەوان بۆ سەرکەوتن لەو مەرحەلەیەدا بۆ گەیشتن بەو هەدەفە پیرۆزە، یەکگرتوویی و پشت وێکدان، بەدووربوون لە شایعە بە دوور بوون لە واقعیاتێکە کە نێو حیزبی ئێمەدا هەیە و خۆمان دەیبینین بەڵام گوێمان بە زاری خەڵکی دیکەوەیە، واقعیەتی حزبی خۆمان دەبێ لە نێو حیزبی خۆماندا ببینین و لە نێو حزبی خۆمان دەرکی بکەین. خەبات عەرزم کردن شێوەی جۆراوجۆری هەیە بەڵام ئەرکی حزبێکی سیاسی ئەوەیە تەشخیس بدات لە چ مەرحەلەیەکدا کام شێوە لە خەبات شوێندانەرتر و کەم زەرەرترە و کام شێوە لە خەبات کەم تەئسیرتر و پڕ زیانترە. تەشخیسی ئەوە بە وردبینی و درایەتی ڕێبەرایەتی حزبیە و من دڵنیام ئەو ڕێبەرایەتیە ئەو درایەتەی هەیە. ئەوەی کە لەو ماوەیە دیتتان کە چەندە بە وردبینیەوە و چەندە سیاسیانە جووڵاوە بۆ ئەوەی کە لە حەرەکەتێك کە دەهات لە دژی ئێمە بێت بە قازانجی ئێمە هەڵگەڕێتەوە. بۆیە من داوا لە هەموو هاوڕێیانم لە خوشك و براکانم، لە هەموو کادر و پێشمەرگەکان دەکەم ئێستا زیاتر لە هەمیشە ئەوە دەخوازێ کە پشت بە پشتی یەك بدەین کە شتی بچووك نەکەینە بەهانە بۆ پێشگرتن بە کاری گەورە. دڵسۆزی و وەفاداریمان وا نیشان بدەین کە ڕۆحی قاسملوو و هەموو شەهیدەکانمان شاد بکات.

لەم موناسبەتەدا پێویستە یادی هاوڕێی خۆشەویست و تێکۆشەرمان کاك عەبدوڵڵا قادری بکەینەوە کە یارێکی وەفادار بوو، کادرێکی پێگەیشتوو بوو، لێهاتوویی خۆی لە کاروباری دەرەوەدا و بەرپرسایەتی دەرەوەدا نیشاندا و هەر لەو ڕۆژەدا هەر لە پەنای دوکتور قاسملووی ڕێبەریدا، بە داخەوە بە دەستی تێرۆریستەکانی جمهووری ئیسلامی شهید بوو، یادی ئەو خۆشەویستانەمان بە خێر دەکەینەوە و وەکوو ڕێز لە هەموو شەهیدانمان دەگرین ڕێز لە زەحمەتەکانی، ڕێز لە فیداکارییەکانی لەو فیداکارییەی کە تا ئەو سەری فیداکاری چوو، یەعنی فیداکردنی گیانی لە پەنا ڕێبەرەکەیدا. ڕۆحی شاد بێت. هەر لەم ڕۆژەیشدا یادی هاوڕێ و هاوسەنگەری خۆشەویستمان کاك سەلامی عەزیزی کە ڕۆژێك دواتر، سبەینی ڕۆژی ٢٣ی پووشپەڕ ساڵڕۆژی کۆچی دواییەتی دەکەینەوە. کەسێك کە هەموو ژیانی فیدای حزبەکەی کرد، هەموو مەوقعیەتە کۆمەڵایەتییەکەی لە پێناو ئەهدافی سیاسیدا فیدا کرد و لە ڕەوتی کار و تێکۆشانیدا یار و هاوسەنگەرێکی بەوەفای هەموو ڕێبەرایەتی حیزب و شەخسی دوکتور قاسملوو بوو. هەموو فیداکاری ئەوانە هەموو گیان فیدایی ئەوانە تێکۆشان وخەبات و لەخۆبردوویی ئەوانە ئەگەر بهێنینەوە بەرچاومان ئەرکیکی زۆر قوورس و گرانمان دەخاتە سەر شان، بۆ درێژەدانی ڕێگایان. هیوادارم ڕۆحی هەموویان شاد بێت. شاد بە درێژەدانی خەباتەکەیان، شاد بە یەکگرتوویی حیزبەکەیان، شاد بە گەیشتن بەو ئامانجانەی کە خەباتیان بۆ کردن و درێژەی خەباتەکەیان بۆ ئێمە بە جێهێشتووە. لە کۆتاییدا پڕ ڕێبوار بێت ڕێبازی دوکتور قاسملوو، ڕێبازی ئینسانی و مرۆیی، ڕێبازی ئازادیخوازی و دێموکراسیخوازی و دابین بوونی ماف و نەتەوایەتی و بەرابەری، سەرکەوێ حیزبی قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی. حیزبێك کە تا مانگێکی دیکە ٧٠ ساڵەی تەمەنی جەژن دەگرین و هیوادارم ئەو ٧٠ ساڵەی تەمەنی ببێتە سەرەتای قۆناغێك لە هەڵگەڕانەوە و خۆدەرخستنەوەی ئەو حیزبە بۆ بەرەو پێشچوون و بۆ هەنگاونان بەرەو سەرکەوتن. هیوادارم ئەوەی لە بەشێکدا عەرزم کردن بتوانین بەرەو ئەو ئامانجە بچین بتوانین لەو مەوقعییەتە تازە بەرەو هەدەفە گرینگترەکە بچین، بە چی؟ بە دەست لە دەستی یەك نان، بە پشت بە یەك بەستن، بە یەکتر خۆشەویستی، ئاڵای حیزبەکەمان بەرزتر لەوەیش کە هەیە بەرز بکەینەوە دۆست و دوژمن بیبینێ ئەوانەی پێش ئەو حەرەکەتە، حزبی دێموکراتیان جۆرێك تەبلیغ دەکرد کە گوایە نەماوە، کەمپ نشینە، ئەوەیە، ئەوەیە ئەمڕۆ پاش ئەم حەرەکەتە هەموو بۆیان دەرکەوت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەر ئەو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەیە کە هەبووە و هەیە و ئیستا دۆست و دوژمن ئیعتراف بەوە دەکا، با ئەوە بپارێزن بە دەست لە دەستی یەکنان بە پشت بەستن بە یەکتر بە خۆشەویستی یەکتر و بەوەیکە بتوانین ئەو ڕێگایەی لە پێشمان ماوە تا سەرکەوتن بە یەکەوە بیبڕین. هیوادارم هەمووتان سڵامەت و سەرکەوتوو بن. یادی قاسملوو بەخێر. یادی کاك عەبدوڵڵا قادری و کاك سەلام و هەموو شەهیدان بەخێر. هیوادارم تەمەن باقی بێت بۆ ئێمە کە وەدیهێنەری ئاواتەکانی هەموویان بین.

سپاستان دەکەم



درێژەی لا ٧

هەست و بۆچوونە بەرێتە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بیروڕای گشتی بشێوێنێ کە قەناعەت بکەن کە دوای د.قاسملوو جووڵانەوەیەک لەئارادا نەماوە و پرسێک بەنێوی پرسی کورد لە ئێراندا لەگۆڕێدا نیە!

بەڵام ڕۆڵەکانی قاسملوو و خەباتکارانی کورد بەگشتیی، سەرەڕای زۆر کەند و کۆسپ، هەمیشە بەکردەوە و فیداکاریی خۆیان ئاڵای خەباتیان شەکاوە ڕاگرتووە و درێژەیان بە ڕێبازی قاسملوو داوە و کۆماری ئیسلامییان وەدرۆ خستۆتەوو و پیلانەکانی ڕێژیمیان پووچەڵ کردۆتەوە و نەیاهێشتووە خەونی دوژمن وەدی بێ.

بەڕێزان!

باس لە «ڕێبازی قاسملوو دەکرێ» و بەهەق دەڵێن «قاسملوو لەڕێبازیدا زیندووە».

چون ڕێبازی قاسلموو ڕێبازێکی نیشتمانپەروەرانە، دێموکراتیک، ئینسانی و ئازادیخوازانەیە. بیر و هزر و ڕێنوێنەییەکانی قاسملوو ئەوڕۆش تازەن.

ئێمە ئەوڕۆش لەبەر ڕووناکایی بیر و ڕێنوێنییەکانی ئەودا درێژە بە خەبات دەدەین و بۆ وەدیهێنانی ئامانجە ئازادیخوازنە، مرۆڤدۆستانە و نەتەوەییەکانی ئەو تێدەکۆشین. یانی ڕاست بەرێگای ئەودا دەڕۆین، بۆیە «قاسملوو لەڕێبازیدا زیندووە».

بەتایبەتی ئەوڕۆ کە خەباتی نەتەوەیی کورد بۆ ڕزگاریی پێی ناوەتە قۆناخێکی هەستیارەوە، لەهەمووکاتێک پێویست ترە کە ڕێنوێنی و ئامۆژگارییەکانی د.قاسملوو وەبیر خۆمان بێنینەوە، بەدڵیان بسپێرین و ڕەچاویان بکەین.

ئامادەبووانی بەڕێز!

یەکێ لەو ئەسڵانە کە د.قاسملوو لە دووپاتکردنەوەی ماندوو نەدەبوو ئەوە بوو کە «کورد، بۆ ئەوەی لە خەباتە ڕەوا و دژوارەکەیدا سەرکەوێ، دەبێ هەوڵ بدا ببێتە فاکتورێکی سەربەخۆ لە ناوچەدا».

مەبەستی ئەو ڕێبەرە زانا و بەئەزموونە لەو قسەیە ئەوە بوو کە کورد لە بارووددۆخی ئاڵۆزی جوغرافیایی-سیاسیی (ژێئوپۆلیتیکی) خۆیدا تەنیا بە تەبایی و یەکڕیزی نێوماڵی خۆی، ڕەچاوکردنی سیاسەتی دێموکراتیک لەنێو خۆیدا و بە بوونی بڕوا بە هێزی خۆی، دەتوانێ ببێتە فاکتورێکی سەربەخۆ و کاریگەر لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ناوچە هەبێ و ئاسۆی خەباتەکەی ڕوون بێ.

ئەوڕۆ دروست و بەجێبوونی ئەو ئامۆژگارییەی د. قاسملوو لەهەر چوار بەشی کوردستان وەڕاست گەڕاوە: هەرکاتێک و لەهەر بڕگەیەکی زەمانیدا کورد لەنیوخۆیدا تەبا و یەکهەڵوێست بووە و بەخەباتی یەکگرتوو بەرەنگاری هەڕەشە و ڕوداوەکان بۆتەوە، توانیوە دەسکەوتی سیاسی بۆ خۆی دابین و دەستەبەر بکا و هەموو بەیەکەوە براوەی ئاڵوگۆڕەکان بووین.

بەڵام کورد هەرکاتێک تووشی دووبەرەکی و کێشەی نێوخۆیی بۆتەوە و بە پرشوبڵاوی کاری کردووە، لاواز بووە و دوژمن زەفەری پێبردووە و دەرفەتە زێڕینەکان لەدەست چوون و هەموو بەیەکەوە دۆڕاندوومانە.

بەتایبەتی ئێمە قوتابیان و ڕێبوارانی ڕێگای قاسملوو، پێویستە ئەو ئامۆژگارییە بەنرخەی ڕێبەرە هەڵکەوتووەکەمان بەوردی و بەباشی لەبەرچاو بگرین و لێبڕاوانە بۆ وەدیهێنانی ئامانجی تەبایی و یەکڕیزیی لە نێو جووڵانەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات هەوڵ بدەین و ئەو هەوڵە بکەین بە ئەرکی نیشتمانیی خۆمان.

بەڕێزان!

ئاماژەم کرد کە خەبات و تێکۆشان لەپێناو ئازادی و سەربەستی، یەکێ لەو پرینسیپانەن کە دوکتوری نەمر بڕوای قایمی پێی هەبوو. داهێنەری دروشمی پڕمانای «باشترین پاداش بۆ شەهیدان، درێژەدانی ڕێگایانە»، د. قاسملوو بوو و ئێمەش خۆمان بە قوتابیانی ڕێبازی قاسملوو دەزانین و درێژەدان بە خەبات بە ئەرکی نیشتمانیی بۆخۆمان دەزانین.

هەر لە پێناو بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکە بوو کە لە مانگی بانەمەڕدا بڕیاری جووڵاندنی هێزی پێشمەرگەمان بۆ ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات دا و لەوێ دامەزراین. جێگای داخە، بەرلەوەی بگەینە سنوور، پ.ک.ک. پێشی پێگرتین و تووشی شەڕێکی نەخوازاو بووین. بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە هاوڕێیەکمان کاک قادر کەریمی شەهید بوو و سێ پێشمەرگەکەشمان بریندار بوو.

من جارێکی دیکە لەلایەن ڕێبەرایەتی حیزبەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهید قادر و خۆمان وەک هاوسەنگەر و هاوئامانجی کاک قادر دەکەم و ڕێز دەگرم لە بیروباوەڕ و وورەی بەرزی ئەو دوا شەهیدەمان. برینداەکانیشمان بەخۆشیە و برینەکانیان سارێژ بۆتەوە و هیوام ساغی و سەرکەوتنیانە.

هەروەها سڵاو دەنێرم بۆ هەموو ئەو پێشمەرگە و کادر و ئەندام و بەرپرس و فەرماندەرانەی کە بۆ بەڕێوەبردنی بڕیاری حیزبەکەیان لەو ماوەیەدا ئەوپەڕی لێهاتوویی و لەخۆبردووییان لە خۆیان نیشان داوە و وەک هەمیشە، سەلماندیان کە بۆ بووژانەوە و بەرەوپێشبردنی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەیان، ئامادەی فیداکارین.

**لەوپێوەندییەدا ئاماژەکردن بە چەند خاڵ پێویستە:**

١. ئامانجی ئێمە لەو ئیقدامە ئەوە بوو کە حوزوورمان لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دابین بکەین، لە خەڵکی خۆمان نزیک بین، پێوەندیەکانمان سیستماتیک بێ و کاری سیاسی و تەشکیلاتی و تەبلیغاتی بەڕێوەبەرین.

٢. بناخە و بنەما و پاڵنەری ئەو بڕیارەی ئێمە بەرژەوەندی جووڵانەوەی کوردستانی ئێران و وڵامدانەوە بە زەرووڕەتی حوزوورمان لە ناوچە سنوورییەکان بوو و هیچی دیکە. ئێمە ئەو بڕیارەمان بۆ پێخۆشبوون یان پێناخۆشبوونی هیچ کەس دەرنەکردووە.

جا هێندێ لایەن بەعەمد و ئامانجدار هەوڵ دەدەن ئەو ئامانجەی ئێمە خەوشدار و چەواشە بکەن، بۆخۆیان دەبێ وڵامدەر بن!

چەند جاران گوتوومانە، هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هێرش ناکاتە سەر هیچ لایەنێک، مەگەر ئەوەی هێرشی بکرێتە سەر و ئەوکاتە ئێمە دەستکردنەوە ودیفاع لەخۆمان بە مافی ڕەوا و سەلماو و بێ ئەملا و ئەولای خۆمان دەزانین و ئەو مافە بۆ خۆمان دەپارێزین.

٣. ئایا ئەو هەنگاوەی ئێمە زیان بە بەرژەوەندی حکوومەتی هەرێمی باشوور دەگەیەنێ؟

ئێمە چەندین ساڵ هەرچەشنە جمووجۆڵێکی هێزی پێشمەرگەمان ڕاگرت، ئەوپەڕی موراعاتی وەزعەکەمان کرد، تانە و تۆمەتی زۆریان لێداین و هەزینەیەکی قورسی سیاسیمان وەخۆگرت.

هەر لێرە لە کوردستانی باشوور هێندێک لایەن کردبوویان بە عادەت لەهەموو دەرفەتێکدا هێرشێکیان پێدەکردین، تەنانەت ناڕاستەوخۆ دەگوترا ئەگەر هێزە سیاسییەکان لێگەڕێن و فەرسەت بە کۆماری ئیسلامی بدرێ، مافی کوردان دابین دەکا و کوردستان ئاوەدان دەکاتەوە و دەست هەڵدەگرێ لە پیلانگێڕان بەدژی هەرێمی باشوور!

**بەڵام ئاکامەکەی چ بوو؟**

ئایا کۆماری ئیسلامی لەماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوو سەرەتاییترین مافەکانی کوردی دابین کردووە؟ زمانی کوردی ئازاد کردووە؟ هەڵاواردن و سەرکوتی خەڵکی کوردستان و ئیعدام و لەسێدارەدانی لاوانی کوردی کەم کردۆتەوە؟

هەنگاوێکی بۆ بووژاندنەوە و هەڵدانی ئابووری لە کوردستان هەڵێنایەوە؟ کێشەی بێکاری، ئیعتیاد و هەژاری لە کوردستان چارەسەر کرد؟

نەخێر! کۆماری ئیسلامی لەهەموو ئەو بوارانەی ئاماژەیان پێکرا، لە کوردستان زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی پەرەپێداوە!

بەهەڵکەوت ڕۆژێک تێدەپەڕێ کە هەواڵی گیران و بەندکردن و کوشتن و لەسێداردانی تێکۆشەرێکی کوردمان پێنەگا!

ساڵی ڕابردوو ١٣٩٣ی هەتاوی ٧٣ کەس لە کۆی سەرجەم لەسێدارەدراوانی وڵاتی ئێران لە هاووڵاتیی کورد بوون.

لەماوەی ئەو سێ مانگی یەکەمی ئەو ساڵی ١٣٩٤ هەتاویدا ٢٠٦ کەس لە ئێران و کوردستان لەسێدارە دراون، ٣٢ کۆڵبەری کورد کوژراون.

کوان ئەو بەڵێنانەی حسن روحانی دوو ساڵ لەمەوبەر لە سەروبەندی هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌دا بە خەڵکی کوردستانی دابوون؟ کام لەو بەڵێنیانە جێ بەجێ کرا؟ هیچکامیان!

سیاسەتی دوژمنکارانەی ڕێژیم دژ بە هەرێمی باشووریش بەردەوام درێژەی هەبووە: لەوماوەیەدا کۆماری ئیسلامی بۆ ڕۆژێکیش لە پیلانگێڕان بەدژی هەرێمی کوردستان وازی نەهێناوە، لە دووبەرەکی نانەوە لەبەینی حیزبەکانی باشوور خافڵ نەبووە، لە هەناردەکردن و تێخزاندنی تیرۆریزیم، ماددەهۆشبەرەکان بۆ هەرێمی کوردستان دەستی ڕانەگرتووە، لە هەوڵدان بۆ بێ ئیعتبارکردن و ناسەقامگیرکردنی هەرێمی کوردستان نەوەستاوە.

ئێستا ئیدی دنیا دەزانێ کە کۆماری ئیسلامی گەورەترین هۆکاری دەرەکی ئاژاوەنانەوە و دووبەرەکی سازکردن لە هەرێمی کوردستان بووە و هەیە.

دژایەتی و دوژمنایەتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کورد بەگشتی، بەشێکە لە ستراتیژی ئەو ڕێژیمە.

هەر لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوو، نوێنەرانی ڕێژیمی ئێران چەندین جار بەئاشکرا سووکایەتیان بە زمان و هوییەتی نەتەوەیی کورد کردوە. لێرشدا با ئاماژە بە نموونەیەک بکەم، ئەویش ڕاگەیەندراوی کۆنسوولگەری ئێران لە سولەیمانی لە ٢١ی بانەمەڕی ١٣٩٣ بەرامبەر بە ١١ی مانگی ٥ ی ٢٠١٤ی زایینی کە لەسەر خاکی هەرێم سووکایەتی و بێڕێزی بە هوییەتی نەتەوەیی، زمان و کولتووری کورد دەکا.

ئایا کەس هەیە دەستی کۆماری ئیسلامی لە پیلانی ڕاکێشانی شەڕی داعش بۆ هەرێمی کوردستان نەبینێ؟

هەروەها دژایەتی و پیلانگێڕان لەدژی ئامانجی سەربەخۆیی کوردستانی باشوور لەکەس شاراوە نیە. بۆ بەرگریکردن لە ئامانجی کوردی باشوور «حشدی شعبی» دروست کرد.

لە ڕۆژاوای کوردستان و لەهەر جێگایە باسی دابینکردنی مافی کورد کراوە، یەکەم لایەن کە بەفەرمی لەدژی ڕاوەستاوە، ئێران بووە.

ئایا ئەو سیاسەت و کردەوانەی کۆماری ئیسلامی لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان دایە؟! ئەوەیە دۆستایەتی و هاوپەیمانێتی ڕێژیمی ئێران بۆ کورد کە کەسانێک بە ڕووهەڵماڵدراویەوە ئیدیعای دەکەن؟!

بەپێچەوانە، بەهێزبوون و پەرەسەندنی خەبات لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، لەبەرژەوەندیی هەرێمی باشوور دایە.

هەتا جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بەهێزتر بێ، پێگەی هەرێمی کوردستان قایم ترە، دەستی کۆماری ئیسلامی لە پیلانگێڕان دژی هەرێمی کوردستان کورت تر دەبێتەوە.

ئێمە خەبات دەکەین بۆ دابینکردنی مافە سیاسیەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، و بەهێزبوونی جووڵانەوە و چارەسەریی پرسی کوردستانی ڕۆژهەڵات یارمەتی دەکا بە حەیات و سەقامگیریی دەسەڵاتی کورد لە کوردستانی باشوور.

ئێمەش ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمی کوردستانی باشوور بە سەرکەوتن بۆخۆمان دەزانین.

ئەوانەی وا بیر دەکەنەوە کە پاشەکشە و بێدەنگیی جووڵانەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەبەرژەوەندی هەرێمی کوردستانی باشوور دایە، ئەگەر بەمەبەستی تایبەتی و بۆ بەرژەوەندی شەخسی نەبێ، تووشی هەڵەیەکی ستراتێژیکی هاتوون. ئەوانە پێویستە جارێکی دیکە وردتر سەیری سروشت و تایبەتمەندیە سیاسی و جوغرافیاییەکانی کوردستان بکەنەو.

دواقسەم لەو پێوەندییەدا ئەوەیە کە ئێمە درێژەدان و گەشەپێدان بە خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئەرکی نەتەوەیی خۆمان دەزانین و لە داهاتووشدا، هەتا ئەو جێگایەی لەدەستمان بێ و بارووددۆخ ڕێگمان پێبدا، ئەو ئەرکە پیرۆزە بەڕێوە دەبەین.

دیارە دڵنیاین کە حیزبە سیاسییەکانی باشوور بەگشتی، دەستی کۆماری ئیسلامییان خوێندۆتەوە و لە پیلانەکانی ئەو ڕێژیمە ئاگادارن و ئاساییە کە چاوەڕوانیمان لە خوشک و براکانمان لە باشوور هەبێ کە لەپێناو بەرژەوەندیی خەباتی نەتەوەیی کورددا، ستراتێژیکی و بە وشیارییەوە بڕواننە پرس و جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەڵسووکەوتی لەگەڵ بکەن.

ئامادەبووانی بەڕێز!

مانگی پووشپەڕ بۆ حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستانی ئێران مانگێکی پڕکارەسات و خەمناک بووە.

هەر لەو مانگەدا سێ ئەندامی تێکۆشەر و ناسراوی ڕێبەرایەتی حیزب و سێ تێکۆشەری بەتوانای ڕێبازی قاسملوو ماڵاواییان لە هاوڕێکانیان کردووە:

١. کاک سەید سەلام عەزیزی ئەندامی بەتوانا و بەبڕشتی دەفتەری سیاسی کە لە ٢٤ ی پووشپەڕی ١٣٧٨ بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

٢. کاک سەرگورد کەریم عەلیار ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و فەرماندەی لێهاتووی هیزی پێشمەرگە کە ڕۆژی ١٠ی پووشپەڕی ١٣٦٤ لەگەڵ چەند کەس لە هاوڕێکانی بە گوللەی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی شەهید کرا.

٣. کاک عەبدوڵڵا قادری ئازەر ئەندامی کومیتەی ناوەندی و نوێبەری حیزب لە دەرەوەی وڵات کە وەک ئاماژەی پێکرا لەگەڵ د.قاسملوو بە گوللەی مرۆڤکوژەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڤییەن شەهید کرا.

لەدەستچوونی ئەو تێکۆشەرانە کەلێنێکی گەورەی خستە نێو حیزبەکەمان و خەسارێکی گەورە بوو بۆ جووڵانەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات.

ئەو ڕۆڵە فیداکارانە هەمیشە لەدڵ و بیرەوەریی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانیان دەمێننەوە و یادیان بەرز ڕادەگیرێ.

یادی شەهیدانی ڤییەن، د.قاسملووی مەزن و هەموو ئەو هاوڕێیانە لە هەست و مێشکی ئێمەدا زینددوە و زیندوو دەمێنێتەوە و دەبێتە پاڵنەر بۆ درێژەدان بە خەبات هەتا وەدیهێنانی ئامانجەکانیان.

- بۆ ئەوەی بتوانین یەکتر وەخۆ بگرین، تەبا بین، ڕێز لە بیروبۆچوونی جیاوازی یەکتر بگرین و یەکێتی ڕیزەکانی خۆمان بپارێزین، دەبێ دێموکرات بین و دێموکراسی ڕەچاو بکەین.
- بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسیەکانی دیکەی کوردستانی ئێران هەڵ بکەین، لەسەر پلاتفورمێکی سیاسیی هاوبەش کە زەرووڕەتی ئەوڕۆیە، ساغ بینەوە و بە هێزی یەکگرتوومان بەرەنگاری هەڕەشە و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی بینەوە و مافەکانی گەلەکەمان دابین بکەین، دەبێ دێموکرات بین و دێموکراسی ڕەچاو بکەین.
- بۆ ئەوەی بتوانین گرینگی دابینکردنی مافی یەکسان بۆ ژن و پیاو دابین بکەین و لە توانا و ئیستعدادەکانی ژنانی کورد بۆ خەباتی نەتەوەییمان کەڵک وەرگرین، دەبێ دێموکرات بین و دێموکراسی ڕەچاو بکەین.
- بۆ ئەوەی وەک حیزبی سیاسی زەرفییەتی سیاسی خۆمان بەرینە سەر و بتوانین لە هیز و ئیمکاناتی بالقوەی حیزبەکەمان کەڵک وەرگرین، دەبێ دێموکرات بین و دێموکراسی ڕەچاو بکەین.
- بۆ ئەوەی لە جۆراوجۆری و بیروبۆچوونی جیاواز نەپرینگێینەوە، جیاوازیەکانمان لێ نەبن بە هەڕەشە و مەترسی و بتوانین ئەو جیاوازییانە بکەین بە دەرفەت بۆ گەشەپێدانی خەباتەکەمان، دەبێ دێموکرات بین و دێموکراسی ڕەچاو بکەین.
- بۆ ئەوەی لە ئاستی نێونەتەوەییدا پرستیژ و ئیعتبارمان بچێتە سەرێ و دنیا بەچاوی ڕێزەوە سەیری خەباتەکەمان بکا، دەبێ دێموکرات بین و دێموکراسی ڕەچاو بکەین.

داگیرکەرانی کوردستان لە دەرەوەی سنوورەکان سیمایەکی یەکجار شیواو و ناحەزیان لە کورد و خەباتەکەی بە دنیا نیشاندابوو.

دەتوانین بڵەین کە پووچەڵکردنەوەی پڕوپاگەندەی دوژمنان، ڕاستکردنەوەی سیمای خەوشدارکراوی کورد و ناساندنی سیمای واقعی و ئینسانیی گەلی کورد و خەباتە ڕەواکەی، یەکێ لە خزمەتە گەورە و دەسکەوتە بەنرخەکانی دوکتوری نەمر بوو.

بەڕاستی دەتوانین بڵەین کە د.قاسملوو لەو بوارەشدا لەڕیزی هەرە پێشەوەی ڕێبەران و تێکۆشەرانی خەبات بوو و سرنجی بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ لای خەبات و داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد و ئەو زوڵم و غەدرەی لە کورد دەکرێ، ڕاکێشا و دۆست و لایەنگری زۆری بۆ کورد پەیدا کرد.





## بەرەو ٧٠ ساڵەی حیزب

# حیزبی دێموکرات قوتابخانەیەک بۆ فێربوون



**شەماڵ تەرغیبی**

دامەزراندنی حیزبی دێموکرات وەکوو بایەخێکی نەتەوەیی و نیشتمانی یەکێك لە گرینگترین ڕووداوەکانی مێژووی هاوچەرخی کوردستانە کە لە ناخی خۆیدا هەڵگری پەیامی تێپەڕبوون بەرەو دێموکراسی و گۆڕینی بەستێنە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی نیشتمانەکەمان بوو، بە واتایەکی دیکە ڕەنگە بتوانین بڵێین یەکەم کاریگەری دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە سەر کۆمەڵگای کوردستان بیچمگرتنی هێزی گۆڕانکاری لە پێکهاتەی سیاسی کۆمەڵگا بووە. بەو مانایە کە کاری ڕێکخراوەیی و سیاسی لە شێوازە نەریتیەکەی بەرەو شێوازێکی نوێ و مۆدێڕن گۆڕانی بەسەردا هات کە توخمی سەرەکی ئەم گۆڕانەش هەمان بوونی زانست و زانیاری تایبەت لەسەر شێوازی کاری سیاسی و درك کردن بە کەتوارەکانی کۆمەڵگا و گۆڕانە هەنوکەییەکان لە ئاستی دونیای دەوروبەرە. هێنانە بەرباسی ئەم ڕاستیانە بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە حیزبی دێموکرات چەندە ڕێز بۆ زانستی نوێ و بەرۆژبوونەوەی خۆی دادەنێت؟ ئایا وەك هەندێك لە بەناو ڕووناکبیران بانگەشەی بۆ دەکەن حیزبی دێموکرات ڕێکخراوێکی سوننەتی و کلاسیکە یان نا، توانیویەتی لەگەڵ گۆڕانکارییە نوێیەکانی جیهان بە تایبەت لە بیاڤی زانستدا خۆی بگونجێنێ و لەم دەرفەتانە بە قازانجی بزوتنەوەی میللی دێموکراتیکی گەلەکەی کەڵك وەربگرێت؟

بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارانە پێویستە کەڵك لە هەندێك فاکتی مێژوویی وەربگیرێت و باسەکەمان بە سەر چەند قۆناغی مێژوویی تا هەنووکە دابەش بکەین.

**قۆناغی یەکەم: سەردەمی کۆماری کوردستان**

لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا و پاش دامەزراندنی حیزبی دێموکرات و دواتریش بونیاتنانی یەکەمین کیانی سیاسی کوردستان پێشەوای نەمر، قازی محەمەد دوو هەنگاوی بەپەلە و پڕدەسکەوتی هەڵێنایەوە. یەکەمیان دامەزراندنی قوتابخانە لە شێوازێکی نوێ بۆ فێربوونی زانستەکانی سەردەم بە زمانی زگماکی و دووهەم بەڕێکردنی کۆمەڵێك لە لاوانی کوردستان بۆ فێربوونی زانست بەرەو باکۆی یەکیەتی سۆڤییەتی ئەوکات.

تاکوو ساڵی ٢٤ ئێمە لە کوردستاندا هیچ ناوەندێکی ئاکادێمیك یان لانیکەم قوتابخانە بەو شێوەی کە ئێستا دەیبینین و دەیناسین لە کوردستاندا بوونی نەبووە و ئەوەیکە هەبووە لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکی نەریتی بە ناوی حوجرە کاری پێکراوە. بەڵام بە هاتنە سەرکاری حیزبی دێموکرات ئەم تابۆیە شکا و بۆ یەکەم جار لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا بناغەی دامەزراوەیەکی مۆدێڕن بە لەبەرچاوگرتنی مێتۆدە نوێیەکانی خوێندن و فێربوونی زانست دانرا کە پێی دەگوترا وەزارەتی فەرهەنگ کە ئەرکی ئەم وەزارەتخانەیە بریتی بوو لە هەوڵدان بۆ گەشەپێدانی باری فەرهەنگی و زانستی خەڵکی کوردستان و ڕێکخستنی کاروباری قوتابخانەکان و ناردنی قوتابی و خوێندکار بۆ دەرەوەی کوردستان بەمەبەستی ڕاهێنان و فێربوونی زانستەکانی وەك سیاسەت، ئابووری، زانستە سەربازییەکان، زمان و....

ئەم هەوڵانە لە شوێنی خۆیاندا کاریگەری زۆر پۆزەتیڤیان لە سەر شێوازی بیرکردنەوەی گەلی کورد و بەتایبەت لاوانی کوردستان لەهەمبەر ڕووداوەکانی ناوچە و کوردستان و مافەکانیان و داهاتووی گەلەکەیان دانا. وەك چۆن دەبینین تەنانەت پاش ڕووخانی کۆماری کوردستانیش لەسەر هەمان بنەمای عەقڵانی لاوانی کوردستان بە حەز و خولیایەکی تایبەتەوە بۆ وەرگرتن و فێربوونی زانستی نوێ لە هەوڵدا بوون و لە هەموو دەرفەتێك بۆ ڕزگار بوون لە چنگ نەخوێندەواری کەڵکیان وەردەگرت.

**قۆناغی دووهەم: خەباتی چەکدارانەی ٤٦ -٤٧**

دوای ئەوەیکە بە کۆمەڵێك هۆکار یەکەم دەسەڵاتی سیاسی کورد تێك ڕووخا و جارێکی دیکە فەزای بێدەنگی و خەفەقان باڵی بە سەر کوردستاندا کێشا، بەشێك لە لاوانی کوردستان بە حەسرەتەوە لە ئەزموونی کۆماری کوردستانیان دەڕوانی و بۆ گەڕاندنەوەی شانازییەکانی حیزبەکەیان ئامۆژگارییەکانی پێشەوای نەمر و هاوڕێیانیان وەبیر خۆیان هێنایەوە کە دەیانگوت خوێندن و فێربوون ڕەمزی ڕزگاری گەلی ئێمەیە. هەربۆیە کەم و زۆر ئەم ڕێچکەیان گرتەبەر و توانیان سەرکەوتنی باشیش وەدەست بێنن. بەشێك لەو لاوانە قارەمانە هەرگیز لەبیرنەکراوەکانی حەماسەی ساڵەکانی ٤٦-٤٧ ن کە بە پێشەنگایەتی حیزبی دێموکرات دوورگەی ئارامی حەمەڕەزاشایان شێواند و سەلماندیان کە مەتەرێزی زانکۆ و قوتابخانە بۆ ئەوان مەتەرێزی دژ بە داگیرکارییە. بوونی کەسانێکی وەك شەهید سمایل شەریفزادە لە نێو حیزبی دێموکراتدا کە ئێستا وەك هێمای خەباتی خوێندکاری کوردی دەناسرێت و لە بڕگەیەکی زەمەنی هەستیاردا سینگی خۆیان کردە قەڵغانی هێرشی دوژمنانی ئازادی خۆی لە خۆیدا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەم حیزبە چەندە گرینگی بە پرسی خوێندن و ڕێڕەوانی خەباتی زانستی داوە.

**قۆناغی سێهەم: پاش شۆڕشی گەلانی ئێران**

لە ڕێبەندانی ساڵی ٥٧ی هەتاوی و پاش چەندین ساڵ خەباتی نهێنی و ئاشکرای گەلانی زوڵم لێکراوی ئێران، بەتایبەت گەلی کورد، شۆڕشی هەمەلایەنە لەدژی دەسەڵاتی ناوەندی حەمە ڕەزاشا سەرکەوتنی وەدەست هێنا و هیوا بە دواڕۆژێکی ڕوون لە دڵی ئازادیخوازانی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی سەری هەڵدا. بەڵام مەخابن وەك لاپەڕەکانی مێژوو شاهێدی بۆ دەدەن دەسکەوتەکانی ئەم سەرهەڵدانە مێژووییە لەلایەن تاقمێك ئاخوندی هەلپەرەست بە کەڵك وەرگرتن لە هەستی مەزهەبی خەڵك بە تاڵان برا. هەر لەم کاتوساتەدا حیزبی دێموکرات جارێکی دیکە خەباتی ئاشکرای خۆی دەست پێکردەوە، کە ئەمجارەیان بە هەوڵ و ماندوو بوونی کەسایەتییەکی ئاکادێمیکی کورد کە دەکرێ وەك یەکێك لە بەربژارە خوێندەوارەکانی کوردستان ناوی لێ ببەین ئەم ڕابوونە هاتە ئاراوە. دوکتور قاسملوو بە تێگەیشتنی زانستیانە و ئەمڕۆیییانەی خۆی یادگارەکەی پێشەوای نەمری بەرۆژ کردەوە و بە لەبەرچاوگرتنی کەتوارەکانی کۆمەڵگای کوردستان و چاوەڕوانییەکانی گەلانی ناوچە و لە هەمان کاتیشدا میساق و پەیمان نامە نێونەتەوەییەکان بناغەیەکی فیکری و مەعریفی نوێی لە نێو ڕیزەکانی حیزبدا دانا. بۆ وێنە لەو کاتەوە کە دوکتور قاسملوو گەڕایەوە نێو ڕیزەکانی حیزب ئێمە شاهێدی ئەوە هەین کە لە درێژەی مانیفێستە ٨ مادەییەکەی پێشەوا لە هەموو کۆنگرەکانی حیزبدا پێ لە سەر پێویستی خوێندن و لە هەمان کاتیشدا پشتگیری کردنی خوێندکاران و قوتابیان تاکوو بەرزترین ئاستەکانی خوێندن کراوە. ئەم ڕەوتە هەتا ئێستاش بەردەوامە و وەك دەبینین لە فەسڵی چوارەمی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا و لە بەشی سیاسەتی فەرهەنگی و پەروەردەدا هاتووە: «لە هەرێمی کوردستاندا سیستەمی پەروەردەی نەتەوەیی هاوتەریب لەگەڵ پێوانەکانی پەروەردەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و نرخ و بەها مێژوویی و نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان، دادەمەزرێت.»

ئاوڕدانەوەیەکی خێرا بە سەر مێژووی حیزب ئەو ئەسڵە ئەساسنامەییە زیاتر دەردەخات کە بایەخدان و گرینگی پێدان بە پرسی پەرەدان بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی و پشتیوانی لە نووسەران، هونەرمەندان، پسپۆڕان و زانایانی کورد، ڕێبازی هەمیشەیی سیاسەتی فەرهەنگیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە و هەیە.

هەر لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتدا و لە خاڵی چوارەمی بەشی سیاسەتی فەرهەنگیدا هاتووە: «حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بردنە سەرەوەی ئاستی گشتیی فەرهەنگیی خەڵك و دامەزراندنی بنکەی فەرهەنگی و زانستی وەك فەرهەنگستان، سینەما، هونەرە جوانەکان، پەروەردەی وەرزشی، فێرگە بەرزەکان و زانکۆکان هەنگاو هەڵدێنێتەوە و بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی کەلەپووری کورد، تێدەکۆشێ.»

هەر لەم ڕاستایەشدا دەبینین کە جیا لە پشتیوانی کردن لە خوێندکاران و قوتابیانی کوردی کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ درێژەدان بە خوێندن لە ئاستە جیاجیاکاندا وەك هەوڵێك بۆ ڕێکخستن و پێشگیریی کردن لە پەرتەوازەیی هێز و پۆتانسیەلی خوێندکارانی کورد لە نێوخۆی وڵات کە لە مەتەرێزی زانکۆ و زانستەوە لە دژی تاریك پەرستان و خامەشکێنانی تاران ڕاوەستاون ئۆرگانێکی تایبەتی بە ناوی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی دامەزراند کە ئەمە دەتوانێ وەك هەوڵێکی تۆکمە لە پێناو یەکخستنی هێزە ڕووناکبیر و شۆڕشگێڕەکانی کوردستان لە قەڵەم بدرێت.

**دووا وتە**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پابەندبوون و پێداگری لەسەر پڕەنسیپە ئەخلاقی و نەتەوەییەکان، بەدرێژایی تەمەنی خۆی پشتی بە پشتیوانی هەموولایەنەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەستووە و بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرزە مرۆڤ تەورانەکانی، خەبات و تێکۆشانی خۆی بە هەموو تواناوە درێژە دەدا کە لەم پانتاییەدا ڕوونە ڕۆڵ و شوێندانەری زانست و ڕا و بۆچوونی زانستڤانانی کوردی لە پێش چاوە و بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانی کەڵکیان لێوەردەگرێت. ئەو ئامانجانەی کە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە باڵا نەتەوەییەکانی گەلی کورد خۆیان پێناسە دەکەن. جیا لە هەموو ئەو باسانەی کە پێشکەش کران پێویستە هێما بۆ ئەو ڕاستییەش بکرێت کە کاتێك دەگوترێ «حیزبی دێموکرات قوتابخانەیەك بۆ فێربوون» مەبەست ئەو لایەنە مەعنەوییە لە ژیانی مرۆڤە کە حیزبی دێموکرات باوەڕی قوڵی پێی هەیە و لە ناخی خۆیدا جێگیری کردووە. فێربوونی چەمك گەلێکی وەك پاراستنی کەرامەتی ئینسانی، ڕێزدانان بۆ ڕاوبۆچونی جیاواز، مافە تاکەکەسی و گشتییەکانی مرۆڤ، فیداکاری، لەخۆبووردوویی، کۆڵنەدان، گەلدۆستی، خۆشەویستی بۆ نیشتمان و دەیان و سەدان دەستەواژەی پڕبایەخی دیکە.

## جووت حەوت

**زاروهـ**

### دزی لە جۆری کلیل

چەن کەس چوون بۆ دزی بۆ بانکێك و کاتێ کارەکانیان و بەتاڵاکردنی سندوقەکانی بانك کۆتایی پێ هات، سەرۆکی دزەکان بە یەکێك لە دزەکانی دیکەی وت، ئەوە بۆ ئەو پارەیە ناژمێری؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی: کاکە ئێستا کاتی ئەوەمان نییە بەیانی ڕاگەیەنەکان هەموویان باسی دەکەن کە چەندەمان پارە دزیوە.

بۆ ڕۆژی دواتر سەرۆکی بانکەکە ڕایدگەیەنێ کە بڕی ٣ میلیارد تمەن لە بانکەکەیان دزراوە، دوای کاتژمێری سەرۆکی بانکی ناوەندی ئەو وڵاتە ڕایگەیاند کە بڕی ٣٠ میلیارد تمەن لە یەکێك لە بانکەکانی ئەو وڵاتە دزراوە. پاش کاتژمێرێکی دیکە وەزیری دارایی ئەو وڵاتە دەڵێ کە بڕی ٣٠٠ میلیارد تمەنیان لە بانکێکی ئەو وڵاتە دزیوە. هەمووی کاتژمێرێ تێناپەڕێ کە سەرۆککۆماری ئەو وڵاتەش لە ڕاگەیەنراوێکی فەرمیدا ڕایدەگەیەنێ کە بڕی ٣٠٠٠ میلیارد تمەنیان لە بانکێکی وڵاتەکەیان دزیوە و هێزەکانی پۆلیس بە شەو و بە ڕۆژ لە دووی دەسبەسەرکردنی تاوانبارانی ئەو دزییەدا دەگەڕێن.

لەملاشەوە کاتێ دزەکان گوێبیستی هەواڵەکان دەبن، دەبینن بەڕاستی ئەوان دزی ڕاستەقینە نین، چونکوو هەموو ئەو پارەی کە دزیبوویان ٣ ملوێن تمەن بوو و بە شەوێك دزە ڕاستەقینەکان لە ئاخوڕی ئەوانەوە نزیك بە ٣٠٠٠ میلیارد تمەن پارەیان دزیوە و ئەم بەسەرهاتە چیرۆکی ئەم ڕۆژانەی وڵاتی نەمیرۆلمۆئمنین و عەلیە گۆچ و حەسەن کلیل و ئەحە پینۆکیۆیە.

هەرچەند ئێستا ڕەوتەکە پێچەوانەکەی لە ئارادایە و دزەکان ستایلی کارەکانیان گۆڕاوە و بۆ ئەوەیکە چیدیکە دزە بچووکەکان نەیکەنە هەڵا لێیان، تکنیکی دزییان لە جۆری درۆکانی حەسەن کلیل گۆڕیوە.

لە هەڵا و بەزمی دانیشتە ناوەکییەکانی وڵاتانی کیری و هاوڕێیان لەگەڵ لووسکەڵە و برایان، باس لەوە دەکرا کە بڕی ١٥٠ میلیارد لە پارەی بەستزمانی خەڵکی بێ دەرەتانی ئێران لەبەر شەڕئاشۆبییەکانی گەمتە «بیخوێننەوە سەرلەشکەر فیرووزئابادی» و شڕەخۆرەکانی لە بانکەکانی وڵاتانی دیکەدا دەستی بەسەردا گیراوە و ئاغازادەکان بەم بۆنەیەوە ناتوانن لە سەیارەی پۆرشە و مازاراتی و فێراری بۆ تەڕاتێن لە ئۆتووبانەکانی وڵاتدا کەڵك وەربگرن. بۆیە لە نەرمی نواندێکی تەڕماشئاسا «بیخوێننەوە قارەمانانە«، عەلی و ڕۆفەقا وازیان لە هارت و هوورت هێنا و جەماعەتی فیرووزئاوایی دیسان قایشەکانیان شل کردەوە بۆ ئەوەیکە پاروە نانێکی زیاتر بخۆن. بەڵام لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو کاتێ ڕێککەوتنەکە کرا دەسبەجێ سەرۆکی بانکی ناوەندی وڵات کە خزمی حەسەن کلیلە ڕایگەیاند، ئێران ٥٧ میلیارد دۆلار پارەی بلۆکەکراوی هەیە، هەر ڕۆژێکی بەسەردا نەچوو کە وەزیری دارایی کە خەڵکی ئاوایی عەلییە گۆچە باسی لە ٢٩ میلیارد دۆلار کرد و پاش دوو ڕۆژ تاقمەکەی برایانی داڵتۆن لە مەجلیسی ڕێژیمدا وتیان، کە ئێران پارەی بلۆکەکراوی نییە و هەرچیەکی هەبووە پێشتر بانکی ناوەندی سەرفی کردووە. کاتێ خەڵك لەم لێدوانانە تووشی سەرسووڕمان بوون تاقمەکەی کۆسە فستەقیش بێدەنگ نەبوون و ئەوانیش لێدوانیان داو وتیان، بڕێ پارەی بلۆك کراومان هەیە بەڵام هاوڕێیانی چین چان چوون نامانده‌نەوە. هەموو ئەمانە لە حاڵێکدایە کە ناوەندێکی نێونەتەوەیی بە فەرمی باسی کردووە کە ئێران بڕی ١٥٠ میلیارد دۆلار پارەی بلۆکە کراوی هەیە.....

ئیدی ئێوە خۆش.

# قاسملوو – بەهایەک بۆ ئاشتی و خۆشەویستی

مەجید حەقی

لە دەسپێکی دەسەڵاتی نێوەندگەرایی و سیستەمی یونیتەر لە ئێراندا، حکوومەتەکانی دەسەڵاتدار لە ئێران چ سەردەمی پەهلەوی و چ سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا هەوڵی ئەوەیانداوە کوردستان لە پەراوێز بخرێت و بکرێتە ناوچەیەکی دواکەوتوو. بە دواکەوتوویی هێشتنەوەی کوردستان بووتە هۆی لێکترازانی تانوپۆی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگای کوردستان لە چاو بەشەکانی نێوەند و باکووری ئێران لە ڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە هەم دواکەوتوو بێت و هەم لە ڕووی ئابووریەوە لەرزۆک و بەجێ ماو لە گەشەکردن. ئەنجامی ئەو سیاسەتە لەدەست دانی هێزی بڕوابەخۆبوون و قووڵتر بوونی لێکدابڕانەکان و دووبەرەکییە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسی نێو کۆمەڵگادایە. ئەمەش وا دەکات کە کۆمەڵگا نەبێتە خاوەنی ویستێکی هاوبەش و فۆرموولە کراو. ئەگەر کەس یان کەسانێکیش لە هەوڵی ئەوەدا بووبن، ڕێبەریی کۆمەڵگای خۆیان بکەن و هاوکارییان بکەن لە دارشتنەوەی ناسنامەی خۆیان، دەسەلاتدارانی نێوەندی بە هەموو هێزی خۆیان یەکەم ئامانجیان لە نێوبردنی ئەو کەسە بلیمەتانە و قووڵترکردنی هەستی بڕوابەخۆنەبوون و گەشەسەندنی قەیرانی بڕوا بووە لە نێو کۆمەڵگای کوردستانیدا.

ڕێبەری بڕبڕەی پشتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگایە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. ڕێبەری بەتوانا وەک دڵی جەستەی نەتەوە شوێندانەرە بۆ گەشەکردن و گەیشتن بە ئامانجی نەتەوایەتی. ڕێبەری بەهێز شەپۆلی دواکەوتوویی بەرەو ئاراستەی پێشکەوتن و هیوادان بە نەتەوە و کۆمەڵگا دەگۆڕێتەوە و دەبێتە هۆی بنیاتنان و گەشەکردنی ناسنامەیەکی نوێ بۆ نەتەوە و ئەندامانی کۆمەڵگا پێناسەی خۆیان بە پێی ئولگووی پێشکەوتووی خۆیان کە ڕێبەریان بێت دادەڕێژن. ڕێبەر بە هەڵسوکەوت و ئاسۆبینی خۆی دەبێتە هۆی پێکهێنانی ئاسۆیەکی نوی لە نێو کۆمەڵگادا بنەماکانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دەخولقێنێت. شێوازی ڕێبەرییەک کە قاسملوو بۆ حیزبەکەی و نەتەوەکەی ڕەچاوی دەکرد شێوازی بەهینەیی (بەکارهێنانی ئۆپتیمال) کردنی هەموو هێزو توانای ئەندامانی کۆمەڵگا بەرەو داهێنان، کارامەیی و گەشەکردنێکی خێرای سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان بوو. شێوازێک کە تەنانەت لە سەردەمی سەخت و ئەستەمی خەباتی چەکداریدا کاردانەوەی هەبوو لە سەر بنەماکانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

ڕێبەری یەکێک لە گرینگترین هۆیەکانی پێکهێنانی پەروەردەی پێوەندیەکانی نێو کۆمەڵگا و ڕێنوێنیی گۆڕانکاریە. لە ڕوانگەی گەشەسەندنەوەدا، ڕێبەر دەتوانێت ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی هەبێت لە بەرێوەبەری خۆجێی یان ڕێکخراوەییدا. بۆیە سەرەرای بوونی ڕێبەریی بە کۆمەڵ یەکێک لە ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی بە لە نێوبردنی دکتۆر قاسملوو، هەڵوەشاندنەوەی ڕەوتی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی سیاسی لە کوردستاندا بوو.

قاسملوو وەک ڕێبەرێکی سیاسی سەرەتا لە نێو حیزبی دیموکراتەوە دەستی کرد بە گۆڕانی شێوەی ئیدارە و بەڕێوەبردنی حیزبی و حیزبێکی نەریتی بەرەو حیزبێکی ئەمرۆیی و مۆدێرن بە پێی سەردەمی ژیانی خۆی گۆڕی. ئەمەش هەڕەشەیەک بوو بۆ گۆڕانی سیستەمی کۆنباوی حاکم بەسەر ئێران و شێوەی دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری نێوخۆی ئێران و ناوچە نەتەوایەتیەکانی ئەو وڵاتە.

قاسملوو ڕێبەرێک بوو بۆ پێکهێنانی خەونە هاوبەشەکان، کەسێک بوو کە دێموکراسی، مافی مرۆڤ، چارەسەری پرسە کۆمەڵایەتیەکان، پرسی یەکسانی نێوان ژن و پیاو و چارەسەری پرسی خاوەندارێتی زەوی لە لایەن جووتیاران و خاوەن زەویەکاندا. ئەم بایەخانە، بایەخگەلێک بوون کە بەسەدان ساڵ خەونی جووتیاران و زەحمەتکێشانی کوردستان بووە کە پێشتر نەتوانرابوو وەک قاسملوو فۆرموولەی بکەن و بیکەن بە ئامانجی هاوبەشی هەموو خەڵک. بە دریژایی مێژوو بێ ڕێبەری هیچ بزاڤێک پێک نەهاتووە و نەیتوانیوە پێک بێت و بەرەوپێش بڕوات. ڕێبەرانی ڕاستی هەڵسوولەڕانی چەرخی مێژوو و هاندەری شۆرشە کۆمەڵایەتییەکانن لە پێنێو خەونە مرۆڤانیەکانیاندا. ڕێبەرانی وەک قاسملوو بە ژیری و مشووری خۆیان هەوڵ دەدەن خێرایی ببەخشنە ڕەوتی مێژوو. لێرەدایە کە ڕۆڵی ڕێبەران لە گۆرانکارییەکانی کۆمەڵگادا جوانتر دەردەکەوێت.

جیاوازی دکتۆر قاسملوو لەگەڵ ڕێبەرانی دیکە، لە کاریزماتیک بوون، دیالێکتیسیەن و مرۆڤی دیالۆگ و گفتگۆ بوون نەبوو. جیاوازی دکتۆر لەگەڵ ڕێبەرانی سەردەمی خۆی و مەترسی ئەو بۆ کۆماری ئیسلامی، بیروباوەڕی قووڵی ئەو بوو بە دێموکراسی. هونەری قاسملوو لەوەدا بوو خراپترین دێموکراسی لە باشترین دیکتاتۆری پی باشتر بوو. ئەمەش بە واتای پێکهێنان و خوڵقاندنی لێگەرێکی جیددی لەبەرامبەر سیستەم و ئایدیۆلۆجیەکی تەوایەت خوازیی کۆماری لە سەر بنەمای ولایەتی فەقیە و هزری یەکنەتەوە و یەکزمان و یەک ئایین دامەزراوە.

سروشتیە کە، دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر و ستەمکار لە کەسایەتی ڕێبەرانی وەک قاسملوو بترسن و هەوڵ بدەن بە دڕندانەترین شێوە لە لایەک ئەوان لە نێو بەرن و لەلایەکی دیکەوە بە لەنێوبردنی ئەو ڕێبەرانە ڕەوتی گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگە بوەستێنن. لە مێژووی کۆندا کوشتنی سپارتاکۆس، سووتاندنی جیۆردانو برونە – لە لایەن ئەنگیزاسیۆن یان دەزگای لێکۆلینەوە و سەرکوتی بیروراکان لە ئورووپای سەدەی نێوەراست، تیرۆری گاندی لە هێندوستان و لەسێدارەدانی قازی محەمەد لە لایەن ڕژێمی پاشایەتیدا نموونەی دیار و بەرچاون کە چۆن نەیارانی ئازادی دەیانهەوێ بە کوشتن و لەنێوبردنی ڕێبەرانی ئازادیخواز خەونی ئازادی گەلان لەنێو ببەن.

مرۆڤی شۆڕشگێڕ و لە جەرگەی خەباتدا، هەمیشە لەگەڵ مەترسی لە دەستدانی ژیان بەرەوڕوویە. بەو حاڵەشەوە بەهۆی کەسایەتی کاریزماتیک و نەترسانەی دکتۆر قاسملوو شەهیدبوونی ئەو چاوەڕواننەکراو و کوتوپڕ بوو. ئاسەوارەکانی تیرۆری دکتۆر قاسملوو هەروا لە سەر جەستەی حیزبی دێموکرات و بزاڤی کورد بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیارە. دکتۆر قاسملووش وەک هەموو مرۆڤەکانی سەر زەوی ماوەی ژیانی هەتاهەتایی نەبوو، بەڵام لەدەستدانی کوتوپڕی ڕێبەرێکی کاریزما کاردانەوەی قووڵترە لەوەی کە دەسەڵاتی ڕێبەر بەشێوەیەکی ئارام و لە ڕووی پرۆسە ئاساییەکانی خۆیەوە لە نێو ڕێکخراودا جێبەجێ بکرێت. لە دەستدانی دوابەدوای ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات لە ٢٢ی پووشپەری ١٩٨٩ و خەرمانانی ١٩٩٢ بەو شێوە تراژیک و هەڵسوکەوتی ناجوامێرانەی کۆماری ئیسلامی ئێران و ستەمی دەزگای دادی دەوڵەتی ئوتریش بوو بەهۆی گۆڕانکاری خێرا و چاوەڕواننەکراوی دەسەڵات لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیراندا و پێکهاتنی تراومایەکی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەیی لە هەموو بنەماڵەی دێموکرات

تیرۆری قاسملوو ڕووداوێک نیە کە بەرابردوو بسپێردرێت. ئەو کارەساتە ئێستاش لە بیرەوەریەکانی سیاسی و هەستیی گەلی کورددا زیندووە. ئەو کارەساتە تەنیا ڕووداوێک نیە کە پیوەندی بە ڕابردووەوە هەبێت، بەڵکوو سێبەری بەسەر پراکتیک و دیسکۆرسی سیاسی ئەمرۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە. لەگەڵ ئەمەش ئامانجی قاسملوو بۆ چارەسەری پرسی کورد بە شێوەیەکی سیاسی و ئاشتیخوازانە ئەمرۆ لە هەمووکاتێک زیاتر بووتە ڕۆژەڤی سیاسی لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەددا دابەش کراوە. بۆ نەوەی نوێ قاسملوو بریتیە لە بەها و بایەخێکی مرۆڤی، دێموکراتیک و خاڵی نێوەندی ئامانجە هاوبەشەکان. ئەمەش ئەرکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران قورستر دەکات و لە ڕێبەری ئەو حیزبە دەخوازێت فەلسەفە و مێتۆدەکانی قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ کاری ڕێکخراوەیی، سیاسی بکاتە بنگەهی پراکتیکی سیاسی خۆی.

لە وتوویژێک کە ٢٦ ساڵ لەمەوبەر دکتۆر قاسملوو لەگەڵ بی.بی.سی ئەنجامی داوە، لە پێوەندی لەگەڵ هێزەکانی چەپ دکتۆر قاسملوو دەڵێت: «بەداخەوە لە داهاتوودا ئێمە شاهیدی جیابوونەوە و ئینشعابی زۆر لە نێو هێزە چەپەکان دەبین. بەڵام بەهیوواین دوای ئەو جیابوونەوەیە ڕەوتی یەکگرتنەوە قبووڵی یەکتر لە نێو هێزەکانی چەپدا خێرابکرێت.» پەیامی ئەم وتەیەی قاسملوو بۆ ئەمرۆی ئێمە زۆر ڕوونە. دوای جیابوونەوە دەبوایە بە بێ دۆراندنی کات ڕەوتی یەکگرتنەوە قبووڵی یەکتر و قووڵتر کردنی دێموکراسی و ببێتە ڕۆژەڤی سیاسی و ڕێکخراوەیی ئێمە.

وتەی قاسملوو کە باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژە پێدانی ڕێگایانە، دەبێ لە دروشمەوە بە کردەوە بگۆردرێت. ڕێگا و ڕێبازی قاسملوو، ڕێگای گەشەکردن، پێشکەوتن، ئاڵوگۆری بوێرانەی سیاسی و ڕێکخراوەیی، ڕێگای ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ، ڕێبازی قبووڵی هەلی بەرامبەر لە بۆ مافی بەرامبەر بۆ ژنان لە نێو ڕۆژەڤی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، و جێبەجێ کردنی ویستی قاسملوو واتە پێشڤەچوونی هاوکاتی سیاسی و کۆمەڵایەتیە.

لە کۆتاییدا دەبێ هێما بۆ ئەوە بکرێت بیست و شەش ساڵ دوای کارەساتی تیرۆری قاسملوو، ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەیی و نێوخۆیی ئاسۆیەکی نوێیان خولقاندووە: ئاسۆیەکی جیاواز، ئاسۆیەکی بەهێزتر، بەڵام نەرمتر. بەرینی ئەو ئاسۆیەش پڕە لە ئاشتی، نەرمی و خۆشەویستی. بۆ ئەم مەبەستە ئەرکی ئێمەیە هەلومەرجی گونجاو بۆ ئاڵوگۆڕە دڵخوازەکان بخولقێنین.

# چەند ڕاستییەک لەسەر «بەپادگانیکردنی» کوردستان

ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

زیاتر «بەنیزامیکردنی» ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە بەراورد لەگەڵ سەرانسەری ئێران لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە باسێکی هەردەم لە ڕۆژەڤدا بووە. لە چەند مانگی ڕابردوودا، لەگەڵ جموجۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە و پڕڕەنگبوون و گەشانەوەی زیاتری هیوا بە سەرکەوتنی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی، ئەم باسە پتر ورووژاوە. ئۆستانداری ڕێژیم لە پارێزگای کوردستان لە وتوویژێکدا لەگەڵ «فارس نیوز» لەم پەیوەندییەدا قسەگەلێکی کردووە کە لە بە لێوردبوونەوە لێیان، ڕووی ڕاستییەکان زیاتر دەردەکەون.

ناوبراو لە شوێنێکدا دەڵێ: «ئێمە (ئۆستانی کوردستان) ئۆستانێکی سنوورین کە لەم سنوورەوە هەندێ هەڕەشەمان لەسەرە و ناچارین لە شوێنە سنوورییەکان هەندێ ڕێوشوێنی ئەمنییەتی ڕەچاو بکەین». هەروەها دەڵێ: «گەلاڵەی ناوچەی ئەمنییەتی سنوورمان هەیە کە ناوچەیەك بە درێژایی سنووری وەکوو ناوچەی سوور و قەدەغە پێناسە کردووە و هاتووچۆ لەوێدا بە تەواوی قەدەغەیە و ئەم گەلاڵە هەر ئێستا بەڕێوە دەچێ».

لەمەڕ ئەم قسانەی ناوبراو دەبێ هێما بۆ چەند خاڵ بکرێ. یەکەم ئەوەیە کە ئەم شێوە باسکردنەی پرسی بەئەمنییەتی کردنی ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە جۆرێك بەلارێدابەرانەیە، ئەویش لەوێڕا کە ئەو زەینییەتە دروست دەکات کە هەر دەڵێی ئەوە تەنیا کوردستانە لەگەڵ ئەم بەپادگانیکردنە بەرەوڕوویە و شوێنەکانی تری ئێران لەو بارودۆخە بێبەرین. لە ڕاستیدا دەبێ بگوترێ سەرانسەری ئێران بە ئەمنییەتی و بە پادگانی کراوە و لەو نێوەشدا کوردستان پشکێکی زۆر زیاتری بەرکەوتووە. خاڵی دووەم ئەوەیە کە ئەو زیاتر بەپادگانیکردنە پەیوەندی بە سنووری بوونی کوردستانەوە نییە. دەکرێ ئەو پرسیارە بکرێ کە داخوا هەمان ڕێوشوێنی ئەمنییەتیی کوردستانیان لە ئۆستانێکی وەکوو ئەردەبیلیش گرتووەتە بەر کە ئۆستانێکی سنوورییە، خۆ ئەگەر ئەو ئێستدلالە بێننەوە کە عێراق ئاڵۆزە و داعش تێیدا تەڕاتێن دەکات، خۆ تەمەنی داعش لە چەند ساڵ تێناپەڕێ بەڵام تەمەنی بەپادگانکردنی سەرانسەری کوردستان بە درێژایی تەمەنی ڕێژیمە. سەرەڕای ئەوەش دەوڵەتی بەغدایان لێ نزیکە و ئاڵوگۆڕی بازرگانییان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەرچاوە، بەڵام لەگەڵ وڵاتی ئازەربایجان چەندین کێشەی قووڵ و چارەسەرنەکراویان هەیە. کەوابوو ئیدیعایەکی پووچە ئەگەر سنووری بوونی کوردستان بکرێتە بیانووی بەنیزامیکردنی. خاڵی سێهەم ئەوەیە کە ئایا هەر ناوچەیەك سنووری بوو، دەبێ بەئەمنییەتی و بەپادگانی بکرێ و ناوچەی سووری بۆ دیاری بکرێ و هاتووچۆی تێدا قەدەغە بکرێ. ئەوە نیە نموونەی ئەو وڵاتانە لە جیهاندا زۆرن کە لە سنوورەکانیشیان بە دەگمەن پۆلیسێك دەبینرێ مەگەر پۆلیسی هاتوچۆ نەبێ. لە ڕاستیدا ئەوەندەی وڵاتێک دێموکراتیک و خەڵکی بێت، ئەوەندەش ئەگەری هەیە چەکوچۆڵی قورسی وەك «کاتیوشا» لەسەر سنوورەکانی نەبێ کە خەڵك و کاسبکاریان پێ بکوژن و بەپێچەوانەوە، هەرچی زاتی سەرەڕۆیانە و دژەخەڵکی سیستمی دەسەڵاتدار لە وڵاتێك پڕڕەنگتر بێت، ئەوەندەش سنوورەکانی بەپادگانی دەکرێ. خاڵی چوارەم ئەوەیە کە دیاریکردنی ناوچەیەك لە نێو خاکی وڵاتێك وەکوو ناوچەی سوور و قەدەغە بۆ هاتووچۆ، نیشاندەری ترس لە دەرەوەی سنوور نیە، بەڵکوو نیشاندەری ترس لە نێوخۆی سنوور و هاووڵاتیانی نێوخۆیەتی. ئەگەر ئەگەری دزەکردن لە دەرەوەی سنوور هەبێ، چی لەوە باشتر کە خەڵك هەرچی زیاتر لە ناوچە سنوورییەکان نیشتەجێ بن تا زیاتر ئاگاداری جموجۆڵەکانی دەرەوە بۆ نێوخۆ بن، بەڵام لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامیدا بارودۆخەکە پێچەوانەیە و هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕێژیم لە خودی خەڵکەکە دەترسێ نەك لە دەرەوەی سنوور. خاڵی پێنجەم ئەوەیە کە خۆی لە خۆیدا دەبێ سنووری بوونی ناوچەیەك ببێتە ئیمتیازێکی ئابووری بۆ ئەو ناوچەیە. سنووری بوونی ناوچەکانی کوردستان وێڕای لەباربوونی ئاووهەوای کوردستان بۆ گەشەکردنی پیشەسازییەکانی کشتوکاڵ و گەشتیاری و هەروەها بوونی بەرچاوی سەرچاوە جۆراوجۆرە ئاوییەکان و کانگای جۆراوجۆر و زۆر ئیستعدادی مەزنی ئابووری دیکە، دەبوو هۆکارگەلێك بن بۆ دەوڵەمەندی خەڵکی کوردستان، نەك بە پادگانیکردنی ناوچەکەیان. دەکرێ لەم پەیوەندییەدا ئاماژە بە زۆر خاڵی ورد و درشتی دیکە بکەین کە لە تاقەتی ئەم کورتە وتارە بەدەرە.



# "هێشتا زووە بۆ مردن"



**چنار بوداغی**

هاتن لە کێوەکە ئاوەژوو بنەوە دەنگی گوللەی تۆپێکیان بیست ڕاست لە حەساری ئەو ماڵە کەوت وا چەند ساتێک لەوەپێش لەوێ هاتبوونە دەرێ.

چەند ساتێک لەوەپێش کەژاڵ بە هەڵەداوان بەرەوپیری هاتبوو و تا گەیشتبوویە، پشتێنەکەی کردبۆوە و لۆیەکی لێ داقڵیشاندبوو و بە چاوی پڕ لە فرمێسک و هەنیسک دانەوە، جێگایی گوللەکەی توند بۆ بەستبوو و ئەویش لە بەر ئێشی لاقی پڕ بەو دێیە هاواری کردبوو.

هەناسەی نەدەهات، لەگەڵ هەر لێدانێکی دڵی، تەواوی دونیا تەکانی لێ دەدرا. لاقی ئیتر هێزی ڕاوەستانی نەبوو، بە سەر هەر دوو چۆکیدا وە عەرزی کەوت...

بەیادی دوێنێ تاریک و ڕوونی بەیانی کەوتەوە کاتێک چەکەکەی لە شانی کردبوو، کەژاڵ لە پشتەوە پاتۆڵەکەی بۆ ڕاست دەکرد بیری لەوە کردبۆوە فەرماندەیەکی وەکوو ئەو، وا لە دەیان شەردا گیانی سەدان کەسی نەجات دابوو و گیانی سەدان کەسیشی گرتبوو و تەنانەت گنجی بە نێوچاواندا نە هاتبوو، لە لای ئەو ژنە هێزی منداڵێکی نییە.

هێشتا باوەڕی نەدەکرد هەموو جەستەی دەلەرزی. هەر دوو چاوی قەتیس مابوو، دووکەڵ و تەپ و تۆز تا تەشقی ئاسمان چووبوو، گوێی نە لە دەنگی گوللەباران دەبوو نە لە دەنگی سۆران کە هەر دوو شانی گرتبوو و ڕایدەوەشاند و بانگی دەکرد. گەروی توند توند ببو دەتکوت بە هەزار دەست گرتویانەو دەیانەوی بیخنکێنن، دەیویست لە قلْپەی گریان دا بەڵام نەیدەتوانی، نەیدەزانی هەناسە هەڵدەکێشێ یان نا! هەر وا چاوی لەو ماڵە بڕیبوو وا خەریک بوو لە ئاور دا دەسووتا. لە هەر چرکەیکدا هەزاران بیرەوەری دەهاتەوە یاد و لە بەر چاوی ون دەبوون. نە کزەکز و برژانەوەی جێ برینداره‌کەی و نە تونیایەتی و ماندویەتی هەست پی نەدەکرد. بوغزی وەک تیغێکی شەش سەر لە گەرووییدا دەهات و دەچوو و ونجڕ بە ونجڕی دەکرد. لە پڕیکدا شتێک لە ناو دڵی گەڕا، ڕەنگە زیندوو بێ! ئەو رستەیە وەکوو ورەیەک لە خوێنی گەڕا و لە ڕەگەکانیدا بڵاو بۆوە، هەر دوو دەستی دادا.

دەیەویست هەستێتەوە سەر پی نەیدەزانی دەتوانێ یا نا.

— دەبێ بیگەمێ، زیندووە! دەبێ بگەڕێمەوە!

ئاگایی لێ نەبوو ئەو قسانە بە دەنگی بەرز دەڵێ یان هەر لە دڵی خۆیدا. بڵێی بتوانێ تەکانێک لە خۆی دا؟ هەر ئەوەندە هەستێتە سەر پێ. لەو کاتەوە گوێی لە دەنگی تەقینەوەکە ببو بۆ یەکەم جار گوێی لە دەنگی سۆران بوو قۆڵی گرتبوو و لە بەری دەپاراوە هەستێتەوە. دەستی بە تاشە بەردێکە دەگرت، خۆیدا سەر لاقە ساغەکەی و هەر چۆنێک بوو هەستا سەر پێ. بڵێی بیگاتێ؟ لەو گوللەبارانە چۆن ڕەد بێ؟ ئەوان لە خوار ماڵانەوە هەر نزیک دەبوونەوە. سۆران چاوی لە سەری هەڵنەدەبڕی، دەتگوت دەزانێ ئەو دەیەوێ چی بکا، قۆڵی توند گرت و کوتی:

— شاهۆ! نەکەی! دەبێ بڕۆین، تۆ فەرماندەی، ئەگەر نەبی ئێمە نازانین چی بکەین!

خۆمپارەیەک لە بناری کێوەکە لە عەرزی درا و تەپ و تۆز و ورکەبەرد بە سەریاندا باری، دەبێ بگەڕێتەوە. بە چاوی سۆرانی تێگەیاند کە ناتوانێ پێشی پێ بگرێ و گەڕاوە. خوێنێکی زۆری لە بەر ڕۆیشتبوو، دەستی بە گابەردەکانە دەگرت و لاقە ساغەکەی وەپێش دەدە، بڵێی بیگاتێ؟ دڵی لە نێو سینگیدا زرمەی دەهات.

— بڵێی زیندوو بێ؟ ئەرێ، ئەرێ! هێشتا زووە بۆ مردن!

گوێی لە دەنگی سۆران دەبوو لە سەر کێوەکەوە فەرماندەیی گرتبۆ ئەستۆ و دەیگوڕاند و دەیویست لەو سەرەوە ئەوان بخافڵێنن تاکوو شاهۆ نەبینن. دەهاتەوە یادی سەدان جار لەو سەرەوە بە هەڵاتن گەیشتبوە بەر دەرکی ماڵێ و دوو دەقەشی پێ نەچووبوو بەڵام ئێستا دەتکوت سێ شەو و ڕۆژە بە ڕێگاوەیە. هێز! هێز! خۆزگە هێز مێشەنگوینێک بوایە و هاتبایە و پێوەی دابا! خۆزگە لە نووکی ئەو درک و داڵانە دابایە وا لە دەستی ڕۆ دەچوون. سەراولێژی تەواو بوو و گەیشتبوە پشت ماڵان لە پڕ کەوتە زەویی. گەروی ویشک ویشک، تونیایەتی دەستی لە ملی توند کردبوو و دەیخنکاند. سەری هەڵێنا، کەمێکی مابوو بگاتێ. ئاور و دوکەڵ لە سەربانی ماڵەکەوە وەک سەگی هار بە ئاسمان دەوەڕین. چاوی بە دارە قەیسێکە کەوت. هاتەوە یادی نیوەڕەیەکی گەرمی مانگی جۆزەردان لە ماڵێ بۆ قەیسی خواردن وەدەر کەوتبو، کەس لە کۆڵان نەبوو، لە بن دارە قەیسێکە تەماعی چوار پێنج قەیسی گەیوی زەردی مەیلەو نارنجی گرتبوی، بە سەر چلوکی دارکەوە مابوونەوە. چو بوە سەر دارە قەیسی و لەو کاتەدا کەژاڵ بە دوو گۆزەی پر لە ئاوەوە لە کانی گەڕابۆوە و لە بن دارە قەیسێکە وچانێکی دابوو. ئەویش لەو سەرەوە قەیسییەکی تێهەڵکردبوو، قەیسی ڕاست کەوتبوە نێو گۆزەکە و دەنگی قلْپەی ئاوەکە و نارنجۆکێک هێنایەوە سەر خۆ، چاوی بە لەتی پشتێنەکەی کەژاڵ کەوت وا برینەکەی پی بەستبوو، لە بن لێوێوە کوتی:

— گەیشتمێ کەژال!

بە چنگە کرکە کەمێکی خۆی بە سەر عەرزی دا ڕاکێشا، دەیویست هەستێتە سەر پێ، نەیتوانی. چۆن بگاتێ؟ چۆن ئاوا کەژاڵی بۆ لەو ئاورە دێتەوە دەرێ؟ دیسان تیغی شەش سەر لە گەرویی ڕۆچوو. کەوتە سەر پشت، وەکوو باڵندەیەکی مندارەوەبوو لە سەر زەوی کەوتبوو. لە نیو دوکەڵ و تەپ و تۆزدا جار جار شینایی ئاسمان خۆی نیشان دەدا. چاوی ڕەشکە و پێشکەی دەکرد. سەری وەرسوڕاند و چاوی لەو ڕێگایە کرد وا ئێستا پێی دا هاتبوو. سۆران و هاوڕێکانی ئێستاش لەو سەرەوە گوللەیان لەوبەری هەڵدەکرد. لە پشت گابەردێکی نزیک خۆی کەسێکی دیت کەلاشیکۆفێکی پێ بوو و گوللەی لەو بەری هەڵدەکرد! زوو زوو پڕێ دەکردەوە و دیسان سیلەی دەگرت و دەی هاویشت. لەپڕێکدا لە پشت گابەردەکە هاتە دەرێ، شاهۆ لێی ورد بۆوە، لە نێو دوکەڵ دا بە حاڵ پرچەکانی دیت تا سەر پشتێنی هاتبون. پشتێنەکەی سەوزێکی توند بوو. بە هەڵاتن بۆسەر کێوەکە ڕۆیشت و لە پشت سەنگەرێک خۆی مات دا، شاهۆ تماشای لەتە پشتێنەکەی کرد وا برینەکەی پی بستوو و هاتەوە یادی دوێنێ بەیانی پێش ئەوەی کەواپاتۆڵەکەی لە بەر کاتەوە، کەژاڵ داوای لێ کردبوو پرچی بۆ بهۆنێتەوە.

فرمیسکێک لە گۆشەی چاوی جیا بۆوە و بە سەر ڕومەتیدا تێکەڵاوی خاک و خوین بوو و هاتە خوارێ.

سەرچاوە:
http://e-e-bokan.blogfa.com /

# بەهار حوسێنی کتێبخانەکەی پێشکەش بە کۆمیسیونی پەروەردەی حیزب کرد



خاتوو بەهار حوسێنی ژنە شاعیری کوردستانی ڕۆژهەڵات سەرجەم کتێبەکانی کتێبخانە شەخسییەکەی خۆی کە نزیك بە ١٥٠٠ کتێب دەبێت، لە ڕێی بەشی چاپەمەنیی کۆمیسیونی ڕاگەیاندنەوە پێشکەش بە کۆمیسیونی پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد. خاتوو بەهار دەڵێت: «کتێبەکانم یەکێك لە بە نرخترین گەنجینەکانی ژیانم بوون. بەوپەڕی حەزەوە پێشکەش بە کتێبخانەی حیزبم کردوون و هیوادارم کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات سوودیان لێ وەربگرن». کاك ڕەسووڵ محەممەدزادە بەرپرسی کتێبخانەی ئازادی حیزبی دێموکرات لەو پەیوەندییەدا ڕایگەیاند کە: «سپاس بۆ بەهار خانم کە ڕێژەیەکی باش کتێبی لە زۆربەی بوارەکاندا بە تایبەتی بواری ئەدەبی بە زمانەکانی کوردی، فارسی و ئینگلیزی پێشکەش بە کتێبخانەکەمان کردووە. ئەمەش یارمەتییەکی زۆر باش بوو کە هیوادارم نموونەیان هەر زۆر بن». شایانی باسە کە کۆمیسیونی پەروەردەی حیزبی دێموکرات هەر لەو پەیوەندییەدا سپاسنامەیەکی ئاراستەی خاتوو بەهار کردووە و هیوای خواستووە کە نموونەی وەك ئەم خاتوونە شاعیرە زۆر بن.

# KURDISTAN

*Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ▪ No: 657 ▪ 22 July 2015*



ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


# دێموکرات

## هێمای گەیشتن بە ئازادییە



فۆتۆ: سەلاح نادری